دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٤، دووشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢٢ی جولای ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

## «کوردستان»ی قاسملووی هەتوان هەروا بە پێوەیە

«کوردستان» ڕۆژنامەی فەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تاکوو ئێستە لەگەڵ دەیان و سەدان کۆسپ و تەگەرە و گرفت بەرەوڕوو بووە بەڵام بەهۆی بوونی کەسایەتیگەلی بەبڕشتی وەک شەهیدی نەمر، دوکتوور قاسملووی هەتوان و هەرمان هەر بە پێوە ڕاوەستاوە و بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا سەرکەوتووە. ئەوەیکە ڕوونە هزر و ئەندێشەکانی قاسملووی مامۆستا ئێستەش ڕووناکیدەری ڕێگا و ڕێبازی «کوردستان»ە، هەر ئەمەش لێمان دەخوازێ کە بە وردبوونەوەی زیاتر لە پەیڤە ئاشتیخواز و شۆڕشگێڕانەکانی مامۆستامان زیاتر هەوڵ بۆ گەشەکردنی «کوردستان» بدەین.
لە یادی سی ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوودا وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕێبەرانی شەهیدمان، جارێکی تر پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە ئارمانجەکانیان بەردەوام بین.

دەستەی نووسەرانی «کوردستان»



پووشپەڕ هێمای خەبات و پەیمانە

٤



پەیامی لێپرسراوی گشتیی لە خۆپیشاندانی بروکسێلدا

٦



قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان سەرمەشقی خەباتە

٨



حەسەن ڕووحانی، بریتانیای بە ماکەی فیتنەی ناوچە ناو برد!

١٠

پەیڤ

## ئێستا ئیدی ناسنامەیە

### کەریم پەرویزی

دوکتور قاسملوو، ڕێبەری بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی- دێموکراتیک بوو کە چەند دەیە بە دژی دوو جۆر دەسەڵاتی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیهی خەباتی کردووە. ئەم بزووتنەوە لە سەرهەڵدانەوە تاکوو وەسەرڕێ کەوتن و دواتر تا باڵاکردن و گەورەبوون و هەروەها لە نسکۆ و شکستەکان و پاشەکشێ و پێشڤەچوونەکاندا، ئەزموونی زۆری وەسەریەک نا و بەشێکی گرنگی لە سەرەتاوە وبە دەستی بەهێز و داهێنەری پێشەوای نەمر بوو، بەڵام بەشی درێژەدان و نوێکردنەوە و وەسەریەکخستنەوە و ڕێکخستنەوە و بەڕۆژ و دێموکراتیک کردنەوە و گەشەکردنەوەی وەئەستۆی دوکتور قاسملوو بوو و بە بیر و هزری و خەبات و خوێنی ئەو، بوو بە داربەڕوویەکی ئەستووری بۆ هەتاهەتایە لەسەرپێ کە هیچ تۆفانێک ناتوانێ دەستی بە ڕەگەکانی بگات.

دوکتور قاسملوو داربەڕووی شۆڕشی نیشتمانی کوردستانی وەها ئاودێر کرد و هەرسی کرد و گەشاندییەوە، کە نەک کورد لە ژێر سێبەریدا دەحەسێتەوە، بەڵکوو بوو بە هێما و هاندەر بۆ نەتەوەکانی دیکەش لە ئێراندا و بەتایبەت ئازادیخوازانی ڕاستەقینەی ئێرانی، وەکوو سەرچاوەی فێربوون و هاندران چاویان لێ کردووە و دەیکەن.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە پووشپەڕی وەیشوومەی ساڵی ١٣٦٨دا ویستی بە تەقەکردن لە مێشکی بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کوردستان، ئەم بزووتنەوەیە تووشی فەلەجی هزر و مێشک بکا و لەشی بێسەری بزووتنەوەکە بکا بە سووتەمەنیی ویستەکانی خۆی و مشەخۆرانی دەسکردی، بەڵام نەیزانی کە ئەم داربەڕووی شۆڕشی کوردستانە، ئیدی لە ڕەگی مێژوووەوە گرێ دراوە و نەک تەنیا چەند کادر و پێشمەرگەیەک لە دەوروبەری قاسملووی ڕێبەرن، بەڵکوو دار و بەردی کوردستان دەبن بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوە و زایەڵەی ڕووناکیی هزر و سیمای قاسملوو.

شۆڕشی نیشتمانپەروەری و کاروانی بونیاتنەرانی نیشتمانی نوێ، قۆناخ بە قۆناخ و بڕگە بە بڕگە، بە ڕاسانەوە سەر لە وانەکانی قاسملوو دەدەنەوە و قاسملوو نەک لێیان دوور نییە، بەڵکوو لە ژووری کار و لە سەنگەری نیگابانییان و لە نێو ئاهەنگی موبایلەکانیان و لە دووتوێی

درێژە لە لاپەڕەی ٣



# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی سیهەمینساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

بەبۆنەی سی ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
هاونیشتمانیانی بەڕێز
هۆگرانی دێموکراسی و دادپەروەری
ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد
ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملووی نەمر

١٣ی ژوئیەی ئەمساڵ ٢٠١٩ی زایینی بەرانبەر بە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی سی ساڵ بەسەر ئەو زامە تێپەڕ دەبێ کە بەهۆی تیرۆری دوکتور قاسملوو بەدەست ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە سەر جەستەی کورد و بزووتنەوەکەی؛ زامێک کە لەپاش سی ساڵ هەروا بەژان و بەسۆیە.

دوکتور قاسملوو ڕۆڵەیەکی کورد و ڕێبەرێکی لێهاتووی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. لایەنگر و ئۆگرێکی ناسراو و بەناوبانگی دێموکراسی بوو. بڕوامەند بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاشتی و ئارامی و بەیەکەوە ژیان بوو. خاوەنی پلەی بەرزی زانستی و شارەزای چەند زمانی گرینگی سەردەم بوو، ئەو دژی داگیرکاری و خۆسەپاندنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی دیکە لە هەر وڵاتێکدا بوو و لەپێناو ئەو باوەڕەشیدا لە چەند وڵات بەر بە مانەوەی گیرا. هەموو ئەو تایبەتمەندییانە و قاڵبوونی لە کورانی سیاسی و بیرمەندیدا وەک کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی، ئازادیخواز و یەکسانیخوازێکی بەناوبانگ، سیمایەکی ڕازاوە بە چەمکە مرۆڤییەکانی پێ بەخشیبوو.

قاسملوو بەو سیما مرۆڤدۆستانە و مرۆڤپەسندانەیەوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیەکی بەرحەق و ڕەوای نەتەوەیەکی مافپێشێلکراوی وەک نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکرد. حیزبەکەی، حیزبی دێموکرات و خۆی لەسەرووی حیزبەکەیەوە دژ بە دیکتاتۆری، چەوساندنەوە و مافپێشێلکاری خەباتی دەکرد و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات حیزبەکەی بە ئاقارێکی سەردەمیانەدا ڕێنوێنی کرد. ڕێبازی و بەرنامەی سیاسی پێشکەوتووانەی بۆ دیاری کرد و سەربەخۆیی سیاسی بۆ دەستەبەر کرد و کردی بە حیزبێک کە بە چەمکەکانی مرۆڤتەوەرانە، دێموکراسی و ئازادیخوازانە ڕازابێتەوە و نوێنگەی ویست و داخوازییە ئینسانی، سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ. قاسملوو و حیزبەکەی بەو سیما و ئامانجانەوە لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا زۆر چالاکانە و شوێندانەرانە بەشدار بووە، بەو هیوایە کە بەنەمانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران نیزامێکی دێموکراتیک دەستەبەر بێ، دێموکراسی بۆ ئێران دابین بکا، لەجیاوازیدانان و هەڵاواردن بە دوور بێ و نەتەوەکان بە مافی نەتەوایەتی خۆیان بگەن و ئێران هی هەموو ئێرانییەکان بێ، بەڵام بەداخەوە دەرکەوت کە ژمارەیەک ئاخوندی بیرتەسک و دواکەوتوو بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینزایی خەڵک دیانەوێ ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک ئەویش لەجۆری دواکەوتووانەی لە ئێراندا بێننەسەر کار و دیکتاتۆرێکی ڕەشتر، جێگای دیکتاتۆری پێشوو بگرێتەوە، لەبەرانبەریدا ڕاوەستان و لە ریفراندۆمێکدا کە ڕێگای بۆ هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆش دەکرد بەشدارییان نەکرد.

لە بانگەوازێکدا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەشداری لەو ڕیفراندۆمەیان تەحریم کرد چوونکە باش لەوە ئاگادار بوون کە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینی و ئایینزایی نەک ناتوانێ دابینکەری دێموکراسی، عەدالەت و دادپەروەری بێ، بەڵکوو دەبێتە سەرچاوەی جیاوازیدانان و هەڵاواردن و ماکەی دژ بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران. وەک ئەوەیکە ئێستا بەکردەوە لەگۆڕێدایە و هەموولایەک هەستی پێدەکەن. لەحاڵێکدا ئەوکات بەدەگمەن هەستیان بەو ڕاستییە دەکرد و لێکدانەوەیەکی واقیعبینانەیان بۆ دەکرد.

لەبەریەکدانانی باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەک و باوەڕە دواکەوتوو و دژبە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەکی دیکەوە زۆر زوو دەریخست کە لە بیری تەسکی ئاخوندی، جیا لە بۆچوونەکانی خۆی چەمکە مرۆڤتەوەر و یەکسانی و دێموکراسیخوازی لە ئێراندا ڕێگای پێنادرێ. بۆیە هەر لە سەرەتاوە دژایەتی خۆیان لەگەڵ بیری قاسملوو و حیزبی دێموکرات ئاشکرا کرد و بەکردەوە کوردستان گەمارۆی ئابووری درا، هێرشی نیزامی لە هەوا و لە زەوی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد و کوشتاری کەموێنە لە ڕۆڵەکانی نەتەوە کورد کرا، بە هیوای ئەوەیکە سەر بە کورد دانەوێنن و ڕێگا بە پەرەگرتنی بیری قاسملوو و خەباتی حیزبەکەی بگرن. کاتێک دیتیان لەهیچ بوارێکدا بەئامانج نەگەیشتن بۆ لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات کەوتنە پیلانی لێدان لە سەری ئەو حیزبە یانی دوکتور قاسملوو.

پیلانی ڕێژیم لەسەر بنەمای باوەڕمەندی دوکتور قاسملوو بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان دارێژرا و بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لەو باوەڕە و بەرواڵەت بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەڕێگای دیالۆگەوە ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی بەرانبەر بە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی دوکتور قاسملوو لە ڤیەن و لەسەر مێزی بەرواڵەت وتووێژ وێڕای کاک عەبدوولای قادریئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ برای کوردی باشوور، تیرۆر و شەهید کرا. شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو سەرەڕای خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەبووە کە وە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت هەرگیز مەبەستی ڕێژیمی لەو پیلانە و لەو کردەوە تیرۆریستییە کە لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات بوو نەپێکا. چوونکە دوکتور قاسملوو حیزبێکی ڕێکخستبوو کە تەنانەت بە لەدەستدانی ڕێبەرێک و چەند کەسایەتی دیکەش بتوانێ لەسەرپێ بمێنێتەوە و درێژە بەخەبات بدا. هەروەها ئەم کردەوە تیرۆریستییە هەرگیز ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان پاشگەز نەکردەوە. سیاسەتی دروستی حیزب و فیداکاری کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەهەمان قامەت و هەیبەت و ئیرادەوە لەسەر ڕێبازی قاسملوو لە گۆڕەپانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد پێداگر و بەردەوام هێشتەوە. ئەوەی لەو نێوەدا ڕیسوایی و شەرمەزاری بۆ مایەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەک و حکومەتی ئەوکاتی ئۆتریش لەلایەکی دیکەوە بوو. چوونکە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئۆتریش زۆر بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان لەبەر دەستدا بوو کە دەیتوانی دەستووردەران و ئەنجامدەرەکانی ئەو تیرۆرە هەروەک چۆن بۆ کورد ئاشکرا بوو، ئاشکرا بکەن و بە بیروڕای گشتی بناسێنن؛ بەڵام بەداخەوە دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش تیرۆریستەکانی ڕەوانەی تاران کردنەوە بۆ ئەوەی پاداشتی کردەوە تیرۆریستییەکەی خۆیان وەربگرن، لەوەش زیاتر حکومەتی ئۆتریش لەپێناو هێندێ بەرژەوەندی کاتی و ڕەچاوکردنی باری بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پێشی بە ڕەوتی بەرەوپێشچوون و بەئاکام گەیشتنی لێکۆڵینەوەکە گرت و هەموو هەوڵێک بۆ وەگەڕخستنەوەی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە تا ئێستا بێوەڵام ماوەتەوە. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە ئەگەر دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش و دەزگا قەزاییەکەی بەئەرکی خۆیان هەستابان و بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆرەیان لەقاو دابا ڕەنگە بینەری تیرۆرەکانی دوای ئەو تیرۆرە نەباین. کارێک کە دەزگای قەزایی ئاڵمان لەپێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ئەنجامی دا.

ئێستا کە سی ساڵ لە تیرۆر و شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو تێپەڕ دەبێ، بۆ هەمووان ڕوون بۆتەوە کە قاسملوو ئەگەر بەجەستە لە باوەشی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دەرهێندراوە، بە هزر و بیر و هەموو تایبەتمەندییە بەرزەکانییەوە زیندوو ماوەتەوە و ڕێبازەکەی هەروا پڕڕێبوار و قوتابییەکانی وانەبێژی باوەڕەکان و بیری دوکتور قاسملوون و ئاڵای بیرو باوەڕەکەیان شەکاوە ڕاگرتووە. بەتایبەت کە لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا بەڕاگەیاندنی ڕاسان بەمەبەستی بەرینتر و فرەڕەهەندتر و شوێندانەرترکردنی خەبات و گرێدانی خەباتی شار و شاخ لە کوردستانی ئێراندا ئەم ئاڵایە بەرزتر دەشەکێتەوە. لە سی ساڵەی تیرۆر و شەهیدکردنی دوکتور قاسملوودا یادی بەخێر دەکەینەوە و لە بەرانبەر شوێندانەرییە بەرچاوەکانی لە بزووتنەوەی کورد و خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنین.

وەک قوتابیانی بەئەمەگی ئەم ڕێبەرە زانا و هەڵکەوتووە، بەڵێنی دەدەین کە وەفادار بە ڕێبازەکەی بمێنینەوە و وانەکان و بیرو هزرە پێشکەوتووەکانی وەک هەمیشە چرای ڕوونکەرەوەی ڕێگای خەباتمان بێ.

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دوکتور قاسملوو، کاک عەبدوولای قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ و هەموو شەهیدانی کوردستان لەسەرروویانەوە پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی.**

**بەردەوام و شوێندانەرتر بێ خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی کورد.**

**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشەوا قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی سیاسی**

## سێمینارێکی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە هەولێردا بەڕێوە چوو

دەزگای ڕێکخستن و پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، سێمینارێکی بە بۆنەی سیهەمین ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە پێتەختی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە برد. ڕۆژی ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، لە شاری هەولێر، سێمینارێک بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتیی ئەکادیمی، ڕووناکبیر، نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان و ئەندامانی حیزب، لە کۆمیتەی هەولێردا بەڕێوە چوو».

سێمینارەکە، بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، دەستی پێکرد. پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری کە دەربڕ و نیشاندەری ڕۆڵ و کاریگەریە فکری و کردەوەییەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕەهەندە جیاجیاکانی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، پیشان درا. سێمینارەکە لە دوو پانێلدا، لە لایەن «پەرویزڕەحیم قادر»، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و دوکتور «ئەکرەم مێهرداد»، مامۆستای زانکۆ لە سلێمانی، بەڕێوەچوو. «پەرویز ڕحیم قادر»، باسێکی سەبارەت بە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی بنەماکانی هزری سیاسیی دوکتور قاسملوو، پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە بە تێڕامان و لێوردبوونەوە و خوێندنەوەی بەرهەمە سیاسییەکان و تەنانەت لێدوان و ئەکتە سیاسییەکان،بەپێی قۆناغەکانی ژیانی دوکتور قاسملوو دەردەکەوێت کە دوکتور قاسملوو هەم ئایدیالیست و ئەخلاقگەرایە و پرەنسیپتەوەرە، هەمیش لە مەیدانی سیاسەتدا، ڕیئالیست و بە شێوەیەکی بەرچاو پراگماتیستە. بۆیە ناکرێت دوو تیۆری و قوتابخانەی هزری سیاسی واتا ڕیئالیزم و ئایدیالیزم پێکەوە کۆ بکرێتەوە، چونکە کێشە و گرفتی بووناسانە و مەعریفەناسانە و میتۆدۆلۆژیمان بۆ دروست دەکات.

ناوبراو هەروەها وتی: «دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێت بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی». لە پانێلی دووهەمدا، «دوکتور «ئەکرەم مێهرداد»، باسێکی لەژێر ناونیشانی دوکتور قاسملوو و سوسیالیزمی دێموکراتیک، پێشکەش کرد. ناوبراو لە باسەکەیدا وتی: «باسکردن سەبارەت بە سوسیالیزمی دێموکراتیک، وەکوو مەرزبەندی و ئەلترناتیڤی سوسیالیزمی مەوجوود لە سەردەمی سۆڤیەتدا، لەبارەی ئازادی و دادی کۆمەڵایەتی، ناوەرۆکی سیاسی و ئابوورییەکەی خۆی لە مۆدێلی سوسیال دێموکراسیی مەوجوود نزیک دەبینێتەوە. هەر بۆیە دەبینین لەو سەردەمەدا هیچ حیزب و ڕێکخراوێک ناتوانێت بەرنامەیەکی پێشکەوتووتر لە حیزبی دێموکرات دابنێت کە خەباتی میللی- دێموکراتیک و دادی کۆمەڵایەتی لێک گرێ بدات کە لە قۆناغی پاش وەرگرتن و دابینکردنی مافی نەتەوایەتیدا، ستەمی چینایەتیی خۆی دەردەخات و خەبات دژی ئەو ستەمە ئەساسیتر دەبێت». ناوبراو باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە هەموو وەختێک لە هەمووان ئەساسیترە، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوە، خەبات بۆ دێموکراسییە.

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سی ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوودا

سی ساڵ پێش ئێستا، ڕێکەوتی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩)، دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو»، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، یەکێک لە دیارترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد، لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەریی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ڤیەن لەسەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو، لەگەڵ «عەبدوڵڵا قادری ئازەر»، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، بە دەستی بەناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، تێرۆر کران. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەساسی باوەڕمەندبوون بە چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کورد، وتووێژی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بە شێوازێک لە شێوازە ڕەواکانی خەباتی کورد و وەک پرەنسیپێکی دێموکراتیک سەیر دەکرد. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک کەسێکی بەرپرسیار بەرانبەر بە چارەنووسی میللەتەکەی، هەمیشە وەک ڕێبەرێکی پراگماتیک، لە چوارچێوەی پێکەوەسازان و دیالۆگ هەنگاوی دەنا، بەڵام بەداخەوە لەسەر مێزی وتووێژ وڵامی پەیڤە ئینسانییەکانی بە گوللە درانەوە. ڕاستە کە نەیارانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان توانییان ئەم ڕێبەرە و ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی کورد بە جەستە لەنێو بەرن و حەزفیان بکەن، بەڵام ئێستاش پاش سی ساڵ بە سەر تێرۆری ڤییەندا، بزووتنەوەی کوردستان لەسەر تێکۆشان بە مەبەستی مافە ڕەواکانی خۆی هەروا بەردەوام و لەسەر پێیە. ئێستاش سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران هەمیشە هەوڵی داوە پرسی کورد لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە بخوێنێتەوە و بۆ حاشالێکردن و سڕینەوەی، بەردەوام ڕێگای توندوتیژ و ئەمنییەتی دەگرێتە بەر، بەڵام حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وێڕای بەرەنگارییەکی ڕەوای فرەچەشن، دیسانیش پێیان وایە لە کۆتاییدا هەموو کێشەکان لەسەر مێزی وتووێژ چارەسەر دەکرێن. بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران پاش سی ساڵ تێپەڕین بە سەر تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. ئەوەی لە هەموو گرینگترە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەوڵی سیستمی سیاسی لە تاران کە هەمیشە هەوڵی دەدا لە ڕێگای سەرکوت و داپڵۆسینەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لاواز و بێدەنگ و بێجووڵە بکات، ئێستا خەباتێکی بەرینی جەماوەی لە شکڵی مەدەنی لە ئارادایە. ئەم خەباتە کە ماهییەتێکی عەداڵەتخوازی و نەتەوەیی هەیە، بە شێوازێکی هێمنانە خەریکە بە تەواوەتی ڕیشە دادەکوتێت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرینتر دەبێتەوە. ماهییەت و ئامانجی ئەم خەباتە جەماوەرییە کە هەمان شوناسخوازیی نەتەوەیی و گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی دێموکراتیک و یەکسانیخوازانەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەت و تێڕوانین و تێکۆشانی حیزبەکان، کاریگەری و شوێنەواری قوڵیان لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە داناوە. بەداخەوە تا ئێستاش ئەو دەسەڵاتەی کە پیلانی تێرۆری دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانیان دارشت و بەڕێوەیان برد، هەر بە تێڕوانینی ئەمنییەتییەوە سەیری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و داواکاریی حیزبەکان دەکات. بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کە باوەڕێکی قووڵی بە چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران و چارەسەریی کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە هەیە، بەداخەوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان، تێرۆری ڕێبەرانی کورد، سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، لە پاشکەوتوویدا ڕاگرتنی کوردستان، هێرشی مووشەکی و بۆردمانی بنکە و بارەگای حیزبەکان و ئێعدام و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی، سیاسەتی نکۆڵی و حاشاکردن لە پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران وڵام دراوەتەوە. لە ئێستادا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەسەر پرسی ناوکی و ڕێکەتنی «بەرجام» لە ڕووبەڕووبوونەوە و گوشارخستنەسەر ئەم ڕێژیمەدایە، ئێمە وەک حیزب و لایەنەکانی کوردستان وێڕای ئەوەی ڕاشکاوانە ڕامانگەیاندووە کە ئەم گوشارانە بۆ سەر ڕێژیم بە باش دەزانین، هاوکاتیش وتوومانە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە تاران لەسەر ماف و داخوازییەکانمان بۆ دەیان ساڵ پێش ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی نێوان ئێران و ئامریکا دەگەڕێتەوە. تەوەری سەرەکیی کێشەی ئێمە لەگەڵ تاران داخوازییە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی خۆمانە کە لە جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا وەک «سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ» دانی پێدا نراوە.

لە داهاتووی وڵاتی ئێراندا چاوپۆشیکردن لە داواکارییەکانی بزووتنەوەی کورد و ویستە ئینسانی و نەتەوەییەکانمان - وەک تا ئێستا سەلمێندراوە - نەتەنیا زیان بە پرۆسەی دێموکراسیزاسیۆنی ئەم وڵاتە دەگەیەنێت، بەڵکوو بەتەواوەتی لە قازانجی سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ئێراندا نییە. درێژەکێشانی ئەقلییەتی تەواویەتخوازیی دەسەڵاتدارانی تاران، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو کۆمەڵێک سناریۆی ناڕوون دەبات. بۆیە پێویستە دەسەڵات لە تاران وڵامێکی لۆژیکی بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بداتەوە کە لە بەرنامە و سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا فۆرموولە کراون.

**یادی شەهید د.قاسملوو و سەرجەم شەهیدانی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد بەرز و بەڕێز بێت و ڕێگا و ڕێبازیان بەردەوام بێت .**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٠ی پوشپەڕی ١٣٩٨ — ١١ی جولای ٢٠١٩**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، پەیامێکی ڕوو لە کوردانی تاراوگە بڵاو کردەوە



هاونیشتمانییانی هێژا، هاوڕێیانی تاراوگە!

یادەوەریی سێ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری هەمیشە زیندوو و هاوڕێیانی، وەک دەسپێکی ڕاسان، کۆساڵان، قەرەسەقەل، نەورۆزی جامانەکان، زەماوەندی ئاڵا، حەماسەی کرماشان و لوڕستان، نەورۆزی خاکیپۆشان، سیما و هێمایەکی تری بە ڕابوون و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەخشی. هەمووان لە بروکسێل کۆ بووینەوە تاکوو یاد، ناو و خەباتی ڕێبەری لێهاتووی گەل و نەتەوەکەمان زیندوو بکەینەوە و لەم ڕێگەوە بە داگیرکەر و دەسەڵاتدارانی تاران بڵێین، هەرچەند ڕێبەری شەهید لەگەڵماندا نییە، بەڵام ڕێباز و ڕێبوارانی قایمتر لە جاران بەردەوامن.

کارنەڤاڵی بروکسێل، حەرەکەتێکی بەهێز بوو کە سەرچاوەی لە ئیرادەی خۆرهەڵاتییەکان و بەتایبەتی ئەندام، لایەنگر و دۆستانی حیزبی دێموکراتەوە دەگرت. بەم بۆنەوە بە ناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە دەکەین. سپاسی یەک بە یەکی ئەندام، لایەنگر و دۆستانی حیزبەکەمان دەکەین کە لە شارە دوور و نزیکەکانی ئورووپاوە ڕێگای بڕۆکسێلیان گرتەبەر، تاکوو شانازییەکی تر بۆ خۆرهەڵات تۆمار بکەین. لە هەمان کاتدا، پێویستە سپاسی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرانە بکەین کە لە پارچەکانی تری کوردستانەوە پەیوەست بەم یادەوەرییە نیشتمانییە بوون. هەروەها ڕێکخراو، کەسایەتییە کوردستانی، ئێرانی و ئورووپاییانە کە شان بە شانی ئێمە، تیرۆری خەباتکارانی کوردیان شەرمەزار کرد و یادی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت. هەروەها سپاسی هەموو ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب لە باشووری کوردستان و لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە بە شێوەی جۆراوجۆر، یادی ئەو ڕێبەرە مەزنەیان بەرز ڕاگرت. لە کۆتاییدا سپاسی کۆمیتەی ئامادەکاریی یادەکە و هەروەها کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتە جیاوازەکانی ئورووپا و هەرێمی کوردستان دەکەین کە سەرکەوتووانە ئەم ئەرکەیان بە ئەنجام گەیاند.

**سەرکەوتن بۆ گەل و نیشتمان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە

بە بەشداری سکرتێری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی بەڕێوە چوو.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٨، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی کەسانی یەکەمی حیزبەکان و بە میوانداریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو دانیشتنەدا هەلومەرجی ئێستای ئێران و کوردستان و ئەگەرەکانی داهاتوو خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بەخۆشییەوە هاودەنگیی زۆر لەو ناوەندودا بەدی کرا کە پێویستە حیزبە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ هەر ئەگەرێك ئامادەیی و یەکدەنگیی پێویستیان هەبێت. تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە باس لەو گەڵاڵە و ئەرکانە کرا کە ناوەندی هاوکاریی بە شێوەی ناوخۆیی کاریان لەسەر دەکات، لەو بوارەشدا دەرکەوت کە پێشوەچوونی باش بۆ کاری هاوبەش دەبینرێ و بڕیاردرا لەمبارەشەوە کاری چڕوپڕ و خێرا ئەنجام بدرێت.



**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٥ی پوشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# لە ڕووسیە سێمینارێک بۆ یادی دوکتور قاسملوو بەڕێوەچوو

ڕۆژی ١٦ی پووشپەڕ، سێمینارێک بەبۆنەی ٣٠ـەمینساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری کراسنۆدار بەڕێوەچوو.

لەم سێمینارەدا کە بەشداریی بەشێک لە کوردانی ڕووناکبیر، مامۆستا، ڕۆژنامەوان، مێژووناس و کەسانی ناودار بەڕێوەچوو، لە سەر ڕۆڵی شۆڕشگێڕیی دوکتور قاسملوو، خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تیرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس کرا.

پاشان پەیامی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ئەندامێکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کوردانی سۆڤییەتەوە پێشکەش کرا.

پاشان ڕۆژنامەوان «هەژار شامل»، چەند وتەیەکی سەبارەت بە دوکتور قاسملوو و شۆڕشی کورد پێشکەش کرد و هەروەها باسی لەو تایبەتمەندییانەی شەهید قاسملوو کرد کە ئەو لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکاتەوە.

لە درێژەی سێمینارەکەدا «لەتیف برووکی» باسێکی لە سەر مێژووی خەباتی کوردستان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد، هەروەها چەندین کەس لە ڕووناکبیران و مێژووناسانی بەشدار، ڕاوبۆچوونی خۆیان لە سەر دوکتور قاسملوو باس کرد.

لە دوایین برگەی ئەم سێمینارەدا، شاعیر «دوورسون بالایۆڤ» و «عەودلێ ئیبراهیم شەمۆ» بۆ یادی دوکتور قاسملوو چەند پارچە شێعریان پێشکەش کرد.

# سێمینارێک لەسەر شەهیدانی ڤییەن و شەهیدانی ڕاسان بەڕێوە چوو




دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات، سێمینارێکی سەبارەت بە ٣٠هەمین ساڵیادی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، هەروەها شەهیدانی ڕاسان بەڕێوە برد. ڕۆژی شەممە، ١٥ی پووشپەڕ، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، سێمینارێکی سەبارەت بە سیهەمین ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەروەها شەهیدانی وەرزی نوێی خەباتی خۆرهەڵاتی کوردستان و بزاڤی ڕاسان و شوێندانەری لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزب لە کەمپی «جێژنیکان»، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە کۆمیتەی هەولێر و دەوروبەری، بەڕێوە برد. ئەم سێمینارە، بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، دەستی پێکرد.

ئەم سێمینارە لە دوو پانێلدا، بەڕێوە چوو. لە پانێلی یەکەمدا، «ڕۆستەم جەهانگیری»، بەرپرسی دەزگای چاوەدێریی حیزب، باسێکی مێژوویی سەبارەت بە قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تاکوو قۆناغی نوێی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد و ڕۆڵی ڕێبەری ناودار و بلیمەتی نەتەوەکەمان، دوکتور قاسملوو، لە ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی حیزبی دێموکرات، لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەکی مۆدێرن و ئەمرۆیی و خاوەن بەرنامە و پرۆگرامێکی پێشکەوتوو، بەرز نرخاند.

«جەهانگیری» هەروەها وتی: «یەکێک لە دەگمەن ئەو مرۆڤانەی کە لە لووتکەی مرۆڤایەتیدا جێی گرتووە، دوکتوری ڕێبەرمان قاسملوویە، چونکە لە هەموو تایبەمەندییە ئیخلاقییەکانیدا گەیشتبووە لووتکە». لە پانێلی دووهەمی سێمینارەکەدا، «شەریف فەلاح»، نووسەر و ئەندامی حیزب لە شاری هەولێر، باسێکی سەبارەت بە نێوەرۆکی بەرهەمی نوێی خوی کە لە سێهەمین ساڵیادی حەماسەی کۆساڵان و بۆڕیەردا، کتێبێکی بە ناوی «کاکۆ، ئیرادەی ڕاسان لە شار و شاخ»، لەسەر ژیان و خەباتی شەهید «کاوە جەوانمەرد» (کاکۆ) نووسیوە.

«شەریف فەلاح» لە باسەکەیدا لەسەر ناوەڕۆک و ئامانجی کتێبەکەی دوا و وتی: «حەماسەی کۆساڵان و بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگەی چاونەترسی دێمۆکرات، بەگژداچوونەوەی دووبارەی داگیرکەری خاکی کوردستان و دەسپێکی جەنگی کۆنەپەرست و ڕاوانی تاریکی و هەڵاتنی ڕووناکی و «گرێدانی خەباتی شاخ و شار»ـە لە ئاستی بەریندا. کۆساڵان لووتکەی ئیرادە و باوەڕی بەرزی گەلی ڕاساوە لە بەرانبەر قین و بوغزی داگیرکەر و چەکی پڕ لە ژەنگ و ئیدیۆلۆژیی سوواوی کۆنەپەرستدا کە سەرەنجام ئەوە خوێنی پێشمەرگە و پارێزەرانی کەرامەتی نیشتمان بوو، هیوای بەخشییەوە بە نیشتمان کە ئێمە هەین و کۆڵ نادەین و بە چۆکدا نایەین، چونکە پاڵمان بە کۆساڵانی سەربەرزەوە داوە و ڕوومان لە جمانی شار و خرۆشانی گەلە».

سێمینارەکە، بە دابەشکردنی کتێبەکە بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسان و میوانان و کادر و پێشمەرگە بەشداربووەکانی ڕێوڕەسمەکە، کۆتایی پێهات.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ناوەند و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ!

تێکۆشەرانی دێرین، دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لایەنە سیاسیەکان!

هەروەک ئاگادارن، لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی پووشپەڕدا (١٠ و ١١ی ژووئیە)، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای تۆپخانە و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە، هێرشێکی کوێرانە و بەربڵاوی کردووەتە سەر ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ئاکامی ئەم هێرش و بۆردومانانەدا کە ئامانجیان گورزوەشاندن لە بنکە و بارەگا سنوورییەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بووە، لە لایەکەوە پانتایەکی بەرین لە ڕەز و باخ و پاوانی دانیشتووانی گوندە سنوورییەکان سووتاون و ژمارەیەکی زۆر لە ڕەوەند و هەوارچییەکانی باشووری کوردستان ئاوارە بوون و لە لایەکی ترەوە زۆر بەداخەوە کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی «زەیتوون قادر» گیانی لەدەست داوە و ژمارەیەک هاوڵاتی و سێ پێشمەرگەی کۆمەڵە بریندار بوون.

ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو سەرەڕۆیی و ملهوڕییەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی «زەیتوون قادر» دەردەبڕین و هیوای زووچاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین. لە هەمان کاتدا وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری هەرێم و پێشێلکردنی سەروەرییەکانی هەرێمی کوردستان، ترس و تۆقاندنی کۆماری ئیسلامی و نانەوەی ئاژاوە و دڵەڕاوکێ لەنێو دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان، خوازیاری ئەوەین هەموو توانای خۆتان بۆ ڕیسواکردن و لەقاودانی سیاسەتی سەرەڕۆیانە و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بخەنەگەڕ و لە ڕێگای جۆراجۆرەوە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم و ڕیسوا بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٢ی جوولای ٢٠١٩**

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، سەردانی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپای کرد

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی پووشپەڕ هەر لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی تایبەت بە یادی ٣٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرشتیی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتی، سەردانی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپای کرد.

هەیئەتەکە بە یاوەریی «ڕالف بانچێس»، سەرۆکی ڕێکخراوی UNPO و ئەندامانی دیکەی دەستەی سکرتاریای ڕێکخراوەکە، لە لایەن هەیئەتێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا بە سەرپەرشتیی «ژولی وارد»، ئەندامی پارلمانی یەکیەتیی ئەورووپا لە فراکسیۆنی «سوسیال دێموکرات»، بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

سەرەتای دیدارەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی کورتەیەک لەبارەی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات لە لایەن «عەلی عەبدیلزادە»، ئەندامی هەیئەتی حیزبی دێموکرات.

پاشان «مستەفا هیجری»، کورتەباسێکی لەبارەی مێژووی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران پێشکەش کرد. «مستەفا هیجری»، باسی سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردی کرد لە لایەن دەستەڵاتە جیاوازەکانی حاکم لە درێژایی مێژوو لە ئێراندا و بەتایبەتی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا و وتی: «گەلی کورد لە وڵامی داخوازییە سەرەتاییە مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیدا، لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکرێت، تیرۆر دەکرێت و لە زیندانەکان دەخرێت».

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ئاماژەی بەوە دا کە هەوڵەکانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بێئاکام بوون و لە ئەساسدا ئەو ڕێژیمە ئیمکانی گۆڕانی ئەرێنیی تێدا بەدی ناکرێت.

دواتر چەند پرسیارێکی پارلمانتارەکان لە لایەن لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە وڵام درانەوە. لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا، دوکتور «ئێدریس ئەحمەدی»، باسێکی ئاکادێمیکی سەبارەت بە ڕەوشی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشکەش کرد.

لە بەشی کۆتایی دانیشتنەکەدا، «تەیموور ئەلیاسی»، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مروڤی کوردستان، کۆمەڵێک فاکتی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مروڤ لە کوردستان و ئێران بەگشتیی خستە بەر دیدی بەشداران.

## درێژەی پەیڤ

کتێبەکانی زانکۆیان و لە میدالیای سەر سینگیانە.
شاخ و باخ و دۆڵ و چیا و شەقام و بازاڕ و کۆڵان و زانستگا و کارگە و کاروان و بەرد و دار و دیواری کوردستان بە ناوی قاسملوو و یادی قاسملوو نەخشێنراون و خۆشترین مۆسیقا دوای ئەی ڕەقیب لای کوردانی وڵاتی خۆر و خۆرهەڵات، سروودی خوایە وەتەن ئاواکەیە.
دوای سێ دەیە لە دەسرێژی غەدر و تاوان لە مێشکی کوردستان و کورد، نەک دوژمنان بە ئاواتیان نەگەیشتوون، ئێستا ئیدی دوکتور قاسملوو تەنیا سکرتێری حیزبێک نییە، بەڵکوو ناسنامەیە بۆ شۆڕشی نەتەوەیەک و هێما و ئامانجی دوارۆژە بۆ بونیاتنەرانی نیشتمان.

# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

سەبارەت بە تۆپبارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە بەم چەشنەیە:

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ساڵێک لە وەرزی کار و تێکۆشانی کاسبکاران و وەرزێڕ و مەڕدارانی کوێستانەکانی کوردستاندا، بە بیانووی جۆراوجۆر و یەک لەوان بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕقی خۆی بەسەر خەڵکدا دەڕێژێت و ناوچەی شوێنی ژیانی خەڵکی ئاسایی دەدەنە بەر تۆپ و ڕاکێتباران. لە ڕێکەوتی ١٩ و ٢٠ی پووشپەڕدا، ناوچەکانی «سیدەکان» و «چۆمان»ـی داوەتە بەر تۆپباران و خەڵکی سڤیلی ناوچەکەی کردووەتە ئامانج و زەرەر و زیانی زۆری بە ژیانی خەڵک گەیاندووە و شەهید و برینداری سڤیلی لێکەوتۆتەوە. پێویستە پێش بە زیادەڕەوییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەزاندنی سنوور و هێرش بۆ سەر ژیانی خەڵک بگرن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پێبەندە بە پاراستنی ژیانی خەڵکی ئاسایی و ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دژی ژیانی خەڵکە و ڕقی خۆی بە سەر خەڵکی ئاساییدا دەڕێژێت.

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٨**

# پووشپەڕ هێمای خەبات و پەیمانە



**ڕۆڵە چاونەترسەکانی ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو، بە ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆری تەبلیغی لە چەندین شار و گەندی کوردستان و ئێران، یادی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە؛ لێرەدا گۆشەیەک لەو چالاکییە بەرینە دەخەینەر چاوی خوێنەرانی ئازیز:**

شەوی چوارشەممە، ١٢ی پووشپەڕ، بوێرانی دێموکراتپەروەر، لەسەر جادەی گوندەکانی «ئەناس و ئازناز»ی ناوچەی «دۆڵی ورمێ»، بە نووسینی دروشمگەلێک وەک: «ڕاسان درەوشانەوەی بیری ئازادیخوازیی شەهید قاسملوو»، «بژی حیزبی دیموکرات» و «کۆماری ئیسلامی دامەزرێنەری تێرۆریزمی دەوڵەتی»، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی قاسملووی شەهید دەربڕی.

هەروەها شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی پووشپەڕ، قارەمانانی دێموکرات، لە چەند شوێنی جیاوازی شاری «مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر مەزاری «سارم بەگی موکری»، یەکێک لە گەورەپیاوانی مێژووی کورد، ئەو ڕۆژەیان یاد کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی لێ ئەنجام درابوون، بریتین لە: « بازارچەی ئەسغەری، شەقامی ئازادەگان، شەقامی موکریان، پارکی میللەت، شەقامی پەرستار، حەساری نەخۆشخانە، شەقامی گۆڕستانی شار، وروودیی تاقەدار، سێراکانی گوندی کانی حاجی مامیان، گوندی ئامێد، گوندەکانی ئافانو میریسێ و هەمزاوا، گوندەکانی سێلم ساغوڵ و کەوتەر، گوندەکانی دێبۆکر و برایمە، شیلانان و بەری قوتابخانەی مەهاباد».

هەر لەم پێوەندییەدا، شەوی پێنجشەممە، ١٣ی پووشپەڕ، خاکیپۆشانی مەتەرێزی شار لە شاری شنۆی حەماسەخولقێن، لە چەند شوێنی ئەو شارەدا وەک: «دەوروبەری پۆمپی بێنزین، ڕەحیم ئاوا و سەلیم ئاوا» و هەروەها لە تەواوی کۆڵانەکانی گوندی «سۆفیان»ی شاری شنۆ، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ و هەروەها نووسینی دروشمگەلێکی وەک: «کۆماری ئیسلامی ماکەی تێرۆریزم»، «بیری قاسملوو چرای ڕێی خەباتمانە» و «بژی قاسملوو»، ئەو ڕۆژەیان یاد کردەوە.

هەروەها، تێکۆشەرانی دێموکرات، ڕۆژی هەینی، ١٤ی پووشپەڕ، لە شاری نەغەدە، لە گوندی «چەقەڵ مستەفا»، بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی شەهید دوکتور قاسملوو، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر ئەو ڕۆژەیان یاد کردەوە.

لە ناوچەی «لاجان»ی سەر بە پیرانشاریش، لە گوندەکانی، «خورینج، ڕێگای نێوان کانی مەلا و کانی بداغ»، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو و چاونەترسانی دێموکرات ئەمەگداریی خۆیان بەرانبەر بەو ڕێبازە دەربڕی.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەر، ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەی کورد، ‹‹دوکتور قاسملوو›› و هاوڕێیانی، سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەم چالاکییەدا، بە نووسینی دروشمەکانی: «ڕاسان بەردەوامە»، «کۆماری ئیسلامی ماکەی تێرۆرە»، «تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، تێرۆری ئاشتیخوازی و پێکەوەژیانە» و «بژی حدکا»، پەیمان و بەڵێنییان لەگەڵ ڕێبازی شەهید قاسملوو نوێ کردەوە.

هاوکات ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات لە «ئاڵیکەند» و «ئەسپۆغەی عەباس ئاوا»ی شاری بۆکاندا، بە نووسینی دروشمگەلێک بە زمانی فارسی، لەوانەش: «مرگ بر دیکتاتور››، «راه قاسملوو راه صلح و آشتی است» و «تیروریسم، شناسنامەی جمهوری اسلامی است»، چالاکیی تەبلیغییان بۆ مەحکوومکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوە برد.

شەوی شەممە، ڕێکەوتی ١٥ لەسەر ١٦ی پووشپەڕ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە «دەڕە شار»ی سەر بە پارێزگای ئیلام، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان، دوکتور قاسملوو، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە «دەڕە شار»ی پارێزگای ئیلام، بە نووسینی دروشمی: «بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، «دروود بەر قاسملوو» و «مەرگ و نەمان بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران»، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوەچووە، بریتین لە شەقامی ساڵحی و پارکی شارەداری لە تەنیشت بنکەی سپای تێرۆریستی پاسداران.

ڕۆژی شەممە، ١٥ی پووشپەڕ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی کوردستان، بە بۆنەی سیهەمین ساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە شاری «مەریوان»، لە شوێنەکانی وەک: «گەڕەکی مزگەوتی هەژارە، شەقامی ئیدارەی ڕای قەدیم، چوارڕێیانی بایەوە، مزگەوتی ئەبووبەکری سەدیق، دەروبەری مزگەوتی عەبدوڵڵا بن عومەر، پردی گاڕان، جادەی سەرشیو (مەریوان- سەقز) و دەوروبەری بەنداوی گاڕان»، تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووتەوە.

هاوکات ئەندامانی تێکۆشەر و چاونەترسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری «دێولان»، لە شوێنەکانی وەک: «گەڕەکەکانی جەهادگەرانی زاگرۆس، سەخاوەت، مەیدانی محەممەد ڕەسوولەڵڵا، گەڕەکی قەدیمیی دێولان، خوارەوەی جادەی ئیمام شافێعی، نەخۆشخانەی شەواهد، گەڕەکی شەیدا، مەیدانی بەسیج، جادەی قوروە و دێولان و هەروەها گوندەکانی باشماخ و جوامێرئاوا»، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە گوندی «وسوکەند»ی سەر بە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی شەهید دوکتور قاسملوو، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوو بە شێوەیەکی بەربڵاو، یاد و ناوی ڕێبەری ناوداری کوردیان بەرز ڕاگرت و بەو بۆنەوە، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «شیان»، سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لە شوێنەکانی وەک: «کانی عەودە، ترمینالی قازی بەکر، میاوەزان، کانی گەزنە، کورار، خەرگەنم، کانی وزە و کانی جاهێل»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوو، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات، ڕێکەوتی ١٦ی پوشپەڕ لە «سی و سێ پۆل»ی شاری ئیسفەهان، بە بڵاوکردنەوەی پۆستێر، یاد و ناوی ڕێبەری ناوداری کوردیان بەرز ڕاگرت و بەو بۆنەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە پردی هەوایی شەهرەکی کارمەندانی شاری مەهاباد، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد و وێنەی شەهید دوکتور قاسملوویان بڵاو کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی «خاتوون باغ»، هەتا سێڕێیانی مەهاباد — بۆکان، تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان بڵاو کردەوە. هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات بەم بۆنەوە، سەردانی گڵکۆی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانیان، بە ناوەکانی ‹‹فاروق فەرهادی›› و ‹‹عەبدوڵڵا مەحموودی››، لە گوندی «دۆستاڵی»ی ناوچەی مەحاڵی سەر بە شاری مەهاباد، کرد و پەیمانیان لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کردەوە کە هەتا دوادڵۆپی خوێنیان، درێژەدەری ڕێگایان بن.

هەروەها، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری ورمێ، بە نووسینی دروشمگەلی: «درووود بەر قاسملوو، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی پێشمەرگە، بژی ڕاسان، درووود بەر شەهیدان و مەرگ و نەمان بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران»، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی پووشپەر، قارەمانانی چاونەترسی دێموکرات لە شاری مەریوان، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لە چوارڕای ئەسڵیی ئەو شارە و شارەدێی ‹‹نێ››دا، بە هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی ‹‹دەل››، سەر بە هەورامان، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لە پەیامێکدا ڕایانگەیاند: «ئێمە هەتا دواهەناسەی ژیانمان، درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان و بەتایبەت دوکتور قاسملووین و لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، هەر ئەرکێک کە بە ئێمە بسپێردرێت، ئامادەین کە ڕایبەڕێنین».

هاوکات لە شاری بانە، ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، بە نووسینی دروشمگەلی: «بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، «ڕێگای دوکتور قاسملوو، ڕێگای ڕزگارییە» و «بژی ڕاسان»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها، قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان، لە کۆڵانەکانی: «قەندیل، ئاگرین و تەرەغە و هەروەها لە پردی هەوایی میراوا»، بە نووسینی دروشمگەلی: «بژی دوکتور قاسملوو»، «قاسملوو قامووسێک بۆ ژیان» و «قاسملوو شکۆی نەتەوەیەک»، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد

هەر لەم پەیوەندییەدا، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لە ناوچەی شارویرانی سەر بە شاری مەهاباد، لە گوندەکانی: «کێچاوا، گابازەڵە و حاجی خۆش»، بە هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕ ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکانی قارەمانەوە لە شوێنەکانی وەک: «بازاڕی بۆکان، یاریگای فوتباڵ، زانکۆی پەیامی نوور، میراوای کۆن، عەشایر و کولتەپە، پارکی ساحیلی، بەنداوی بۆکان و ناوچەکانی ئاڵەشین، چۆمی مەجیدخان و گوندی گامێشگۆلی» چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕیوە برد.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی دەیان فودانە کە بە ناوی دوکتورقاسملوو نەخشێندرابوون بەسەر ئاسمانی شاری بۆکاندا بڵاویان کردەوە.

بەم بۆنەوە خەڵکی نیشتمانپەوەر لە شاری بۆکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی ڕێبەری مەزن، دوکتور قاسملوو و محکوومکردنی ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری ئێران، دووکان و بازاڕ بە تایبەت بازارەکانی ئەسکەندەریی ئەو شارەیان داخست.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری گوێکتەپە سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی یادی دوکتورقاسلوویان بەرز و پیرۆز ڕاگرت و بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو، ئارمی حیزب، دروشم و پۆستێر، شەقام و کۆلانەکانی ئەم شارەیان ڕازاندەوە.

هاوکات قارەمانانی حیزبی دێموکرات لە شاری خۆڕاگری پاوە بە بۆنەی سیهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بە نووسینی دروشم لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.

هەر بەم بۆنەوە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری پیرانشار بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ئەندامانی و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە گوندی مێراو سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە بە بڵاوکرنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوو چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا قوتابیانی ڕێبازی قاسملوو لە پردی ڕەزاو و دووڕێیانی ڕەزاوو دەگاگا سەر بە شاری سەوڵاوا بە نووسینی دروشم چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە شاری شنۆی قارەمان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندەکانی: «شێخان، تاژەندەرێ، کیسەڵاوێ، بێتریان، هێیە، میراوێ، پووشاوێ، بێمزورتێ، سینگان، شێ حوسماک و نەرزیوێ»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە شاری پیرانشاری قارەمان، ڕێبوارانی ئازادی لە گوندەکانی: «سێلوێ، زێوکە، ماشکان و پیرەکانی»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە شاری سەردەشتی هەمیشە دێموکرات، لە «گەڕەکی گۆمە سوور و سێڕای ژاژاوکە»، چالاکی بەڕێوە چوو.

لە شاری بۆکان، ڕۆڵەکانی پێشەوا لە شوینەکانی وەک: «جادەی سەدی بۆکان، ئینگیجە، شوێنەکانی کولتەپە، شارەک، جادە حەسار، عەشایر، شارەکی گوڵستان، کوی فەرهەنگییان و

زۆربەی کوچە و کۆڵانەکانی شاری بۆکان»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنەی خوێناوی، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی وێنەی تایبەت بەو ڕۆژە، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێکردەوە.ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «حەسەن ئاوا، دەروەن، وشکۆڵ، کانیمشکان، گەنمان، دانە، مەڕەبزان، کەرجۆ، شەریف ئاوای سنە، کەڕەسی و چەندی گوندی دیکە و شەقامەکانی حافز».

لە تایلەی شاری سنە، ڕێبوارانی دێموکرات و ئەندامانی حیزب، بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، سەردانی مەزاری شەهیدانیان کردووە و بە دانانی چەپکە گوڵ، لەگەڵ ڕێبازیان پەیمانیان نوێ کردووەتەوە.

هاوکات لە ڕووبەڕووی «مەرکەزی ڕاهێنانی نووری سنە»، کە سەر بە سپای تێرۆریستی پاسدارانە، وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە. هەروەها لەبەر دەرگای زیاتر لە ٥٠٠ ماڵدا، تراکت و پۆستێریان بڵاو کردووەتەوە.

لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا، پێشمەرگەکانی شار بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دانانی چەک، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر بڕیارێک دەربڕی.

لە شاری سمکۆی شۆڕشگێڕ، قارەمانانی دێموکرات لە «دزەی مەرگەوەڕ»، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە و بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو، بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران دەربڕی.

هاوکات لە نێو شاری ورمێ، لە شوێنەکانی: «شارەکی شەهریار، شارەکی ویلاشەهر، بلواری شەهریار، زانکۆی ئافاق، زانکۆی پەیامی نوور، پارکی تۆخم مۆرغی، زانکۆی سەما و شارەکی ئەندیشە نزیک قوتابخانەی ١٣ی ئابان»، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو..

لە کرماشانی شەهید «خەلیل خەلەبان»ـەوە، قارەمانانی دێموکرات لە شاری شاباد، بە نووسینی دروشم، بێزاری و نەفرەتی خۆیان لە ڕێژیمی سێدارە دەربڕی.

ڕۆڵەکانی دێموکرات، لە دیاری شەهید «حەکیم ڕەزایی»، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدانی ڤییەن، بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێکردەوە.

هەروەها لە شاری سەقز، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی پۆستێر و وێنەی شەهیدان و هەروەها نووسینی دروشم لە گەڕەکانی «حەماڵاوای خواروو و ژووروو، عەباس ئاوا، شەهرەکی کوردستان، شەهرەکی زاگرۆس و تازاوا»، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە شاری بانە، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب، لەگەڵ ڕێبازی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی کوردستان پەیمانیان نوێکردنەوە.

ڕۆڵە ئازاکانی دێموکرات لە گوندی «نییەر»یش بۆ جارێکی دیکە بە بڵاوکردنەوەی پۆستێر وهەروەها نەخشاندنی وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو، یادی دوکتور قاسملووی نەمریان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ی پووشپەڕ، لە شاری سەقز، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شوێنەکانی وەک: «پشت قەند و شەکر، تەپەی حاجی ئاوا، شافێعی، ڕوودەکی، سیلۆ و سی و دوو میتری»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنە، لە شوێنەکانی: «مەیدانی ئیقباڵ، شیرکەتی دوخانییات، مەیدانی سنە دژ، شاخی ئاویەر، ئیدارەی تەئمینی ئیجتماعی، ئیدارەی وەرزش و جەوانان، زانکۆی علوومی پزشکی، سەداوسیما و ڕووبەڕووی پادگانی سپای بیتولموقەدەسی ڕێژیم»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسموو، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر، سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە شێوەیەکی بە شکۆ، یادی ڕێبەری ناوداری گەلی کوردیان بەرز ڕاگرت و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهید قاسملوو نوێ کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات، شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی پووشپەڕ، لە جادەی «مێرگەوار» لە نییەر و هەروەها نێو گوندی نییەر، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. تێکۆشەرانی دێموکرات، ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئاڵای شینیان لە لای قەڵا، لەسەر دار چنارێک هەڵ کردووە.

هاوکات لە جادەی مێرگەوار، کە خەڵک بۆ سیاحەت سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، تێکۆشەرانی دێموکرات وێنەی دوکتور قاسملوویان لە ماشین دابوو و بە نێو خەڵکدا دەسووڕانەوە.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی، یادی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت و تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

هەر بەم بۆنەوە، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی «دزەی مەرگەوەر»، سەر بە شاری ورمێ، بە شێوەیەکی بەربڵاو، تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

هەر لەم پەیوەندییەدا، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری «ئیسفەهان»ـی ئێران، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ئاڵای کوردستانیان لە مەیدانی «نەقشی جیهان .»ـی ئەو شارە هەڵ کرد و ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٩ی پووشپەڕ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و نووسینی دروشم چالاکی تەبلیغییان لە شار و ناوچەکانی کوردستان ئەنجام دا.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز بەبۆنەی سێهەمین ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی شەهید دوکتور قاسملوو، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.ئەو شوێنانەی شاری سەقز کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: «کەریم ئاوا، شاناز، حافز، پشت مزگەوتی سەلمان فارسی، ڕوودەکی، شافێعی و گەڕەکی ماڵی ئیمام جومعە.»

هاوکات ئەندامانی تێکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە دەوروبەری شاری دێولان لە شوێنەکانی وەک: «تروەڕێز، عالیاوا، نۆخانی، سادق ئاوا، قادرمەرز، موارەک ئاوا و مەسیری جادەی قوروە - دێولان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.»

هەروەها لە شاری مەریوان لە گەڕەکی «نەخۆشخانەی کۆن، دەوروبەری نەخۆشخانەی فەجر، دەوروبەری قوتابخانەی سەرەتایی ٢٣ی تیر، گەڕەکی فەرمانداری و گەڕەکی بەهاران و گوندی هەرسین»، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبردووە.

ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە شاری دیواندەرە لە شوێنەکانی وەک: «شەقامی دوکتور قاسملوو، گەڕەکی فازی ١و٢، دیواری بونیاد شەهید، ١٦ میتری، سەرەتای شار و گوندی ڕەشی ئاوا بە شێوەی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.»

هەروەها، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «باوان» سەر بە شاری ورمێ بەشێوەی بەرین و بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان ئەنجا داوە.

قارەمانانی دێموکرات لە چیای «نستان» سەر بە شاری سەردەشت چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە و یادی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرتووە.

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی پووشپەڕ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری ناوداری گەل، دوکتور قاسملوو، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و نووسینی دروشم، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە شارەکانی کوردستان و ئێراندا ئەنجام دا.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لەسەر تابلۆکانی جادەی مەهاباد- نەغەدە و لەسەر ڕێگای گوندەکانی کۆسەکەرێز، خاتوون باغ، بۆزە، ئازاد، قەرەبڵاغ، قەمتەرە و بورهان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوو و هەروەها نووسینی دروشمگەلێکی وەک: «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە»، «بژی ڕاسان» و «قاسملوو نامرێ»، لە ٣٠هەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و هەروەها بەم بۆنەوە سەردانی گلکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانیان کرد و لەگەڵ شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.

هاوکات، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان، لە شوێنەکانی وەک: «پارکەکانی ساحیلی، شاخەڕەش، میللەت و کۆی محەممەدی» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و هەروەها لەو ساڵۆن و قوتابخانانەی کە تاقیکاریی کونکووریان تێدا بەڕێوە چووە، دەیان تراکت و «سی دی»ـیان بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها، ئەندامانی حیزب بە دەیان فودانەی شینیان لە ئاسمانی شاری بۆکاندا بڵاو کردووتەوە و بەم چالاکییە هەستی خەڵکیان وروژاندووەتەوە.

هەرلەم پەیوەندییەدا، ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لە «دزەی مەرگەوەڕ»، لەسەر ڕێگای «ژارئاوا، لولکان، کانیسبی، عەینەڕووم، گوڵماوەران، گەلی قاسملوو و ناوچەی دەشتەبێڵ»، تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە مەیدانی «ئازادی»ـی شاری تاراندا، یاد و ناوی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت و بەم بۆنەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە، ٢٢ی پووشپەڕ، ئەندام، لایەنگر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پیرانشار، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە سێهەمین ساڵیادی تێرۆرکرانی ڕێبەری لێوەشاوە و کاریزمای نەتەوەکەمان «دوکتور قاسملوو» و هاوڕێ «عەبدوڵڵا قادری ئازەر»، فوودانەی شینیان، لە ئاسمانی ئەو شارەدا بڵاوکردەوە، هەروەها تراکت و پۆستێری تایبەت بەم یادەیان لە پارکی شەهرەکی ئەو شارە بڵاو کردەوە و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبەزی پڕسەروەری شەهیدان نوێکردەوە.

هەر لەم ڕاستایەدا لە شاری شنۆ، پێشمەرگەکانی شار بە نووسینی دروشم، ڕێزیان لە سێهەمین ساڵیادی تێرۆرکرانی «دوکتور قاسملوو» گرت.

لە گوندی باڵاگیری سەر بە شاری شنۆش، تێکۆشەرانی دێموکرات لەسەر سەرچاوەی ئاوی ئەو گوندە، ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد، کە هەتا کاتژمێر ٨ی بەیانی شەکاوەتەوە. کاتێکیش سپای پاسداران و جاشەکانیان داوایان لە دێهیاریی ئەو گوندە کردووە کە بڕوات ئاڵاکە دابگرێت، ڕەتی کردووەتە و وتوویەتی ناتوانم. ناچار پاسدارەکان خۆیان ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان داگرتووە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکانی قارەمانەوە، لە شوێنەکانی وەک: «بازاڕی بۆکان، یاریگای فوتباڵ، زانکۆی پەیامی نوور، میراوای کۆن، عەشایر و کولتەپە، پارکی ساحیلی، بەنداوی بۆکان و ناوچەکانی ئاڵەشین، جانبڵاغ، باخچە، تیکان تەپە، مەجبووراوا، چۆمی مەجیدخان و گوندی گامێشگۆلی»، بە بڵاوکردنەوەی وێنە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، نووسراوە بە دروشمی ڕاسانی شار، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات دەیان فوودانە کە بە ناوی دوکتور قاسملوو نەخشێندرابوون، بەسەر ئاسمانی شاری بۆکاندا بڵاویان کردەوە. بەم بۆنەوە خەڵکی نیشتمانپەوەر لە شاری بۆکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی ڕێبەری مەزن، دوکتور قاسملوو و محکومکردنی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئێران، دووکان و بازاڕ، بە تایبەت بازاڕەکانی ئەسکەندەریی ئەو شارەیان داخست.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری گوێکتەپە سەر بە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، یادی دوکتور قاسلوویان بەرز و پیرۆز ڕاگرت و بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو، ئارمی حیزب، دروشم و پۆستێر، شەقام و کۆڵانەکانی ئەم شارەیان ڕازاندەوە. هەروەها لە گوێکتەپە چرای ماڵەکانیان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە کوژاندووەتەوە.

هاوکات قارەمانانی حیزبی دێموکرات لە شاری خۆڕاگری پاوە بە بۆنەی سێهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بە نووسینی دروشم، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێکردەوە.

هەر بەم بۆنەوەم ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری پیرانشار، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی «مێراو»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە بڵاوکرنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوو، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

لە درێژی ئەو چالاکییانەدا، قوتابییانی ڕێبازی قاسملوو لە پردی «ڕەزاو» و «دووڕێیانی ڕەزاو و دەگاگا»، سەر بە شاری سەولاوا، بە نووسینی دروشم، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە شاری مەریوان، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، لە چالاکییەکەدا بە دانانی گوڵی سوور و وینەی دوکتور قاسملوو، بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ لقی گوڵی سوور، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێکردەوە.

لە شارەدێی نێی مەریوان، بۆ مەحکوومکردنی تێرۆریزمیی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران، چرای ماڵەکانیان کوژاندەوە.

لە شاری سەقزی دێموکرات، قارەمانانی دێموکرات بە لەسەرکردنی جامانە، لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی و بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسمملوو هەروەها لەبەرکردنی تیشێرت، بە نووسراوەی ئۆستوورەکەم، نووسینی دروشم لە دیواری گەڕەگ و کۆڵانەکانی ئەو شارە، نەخشاندنی وێنەی دوکتور قاسملوو لە دیوار، یادی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت.

لە گوندی ئەوێهەنگی سنە، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، یادی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.

هەروەها ئەندامانی نەهێنیی حیزبی دێموکرات لە کووچکەسوور، شوێنی شەهیدبوونی «ناسری ڕەشە هەورامی»، بە دانانی چەک و بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێکردەوە.

لە شاری سنە، ڕۆڵەکانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی وێنە و پۆستێری دوکتور قاسملوو، بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران دەربڕی.

لە نێی هەمیشە دێموکراتەوە، ڕۆڵەکانی پێشەوا، بە بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملووی ڕێبەر و هەڵگرتنی بنێرێک کە وێنەی دوکتور قاسملووی لێ نەخشێندرابوو، منداڵانی نێ بە نێو گەڕەک و کۆڵانەکاندا دیانگێڕا و دواتر لە فەلەکەی ئەو شارەدا هەڵیانواسی.

لە سەولاوای شوێنی حەماسەی کۆسالانەوە، ڕێبوانی ئازادی بە لەبەرکردنی جلوبەرگی شین و بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو، تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

لە سەردەشت، ڕێبوارانی «مەلا ئاوارە»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر لە چەندین شوێنی ئەو شارە و هەروەها بێژوێ، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە تاران، پێتەختی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، قوتابییانی قاسملوو، لە پارچەیەکدا بە نووسینی دروشمی قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێکردەوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی پووشپەڕ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز، لە شوێنەکانی وەک: «تەپەی گۆڕە جوولەکە و شیوی جووتیاران» بە بڵاوکردنەوەی پۆستێر و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، یادی ڕێبەری زانای گەلی کوردیان بەرز ڕاگرت.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»، بە دانانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و نووسینی دروشمەکانی وەک: «بژی ڕاسان» و «بژی حدکا»، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕیوە.

هاوکات پێشمەرگەکانی شار لە گوندی «ڕەحیم خان» سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، بە دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر مەزاری شەهیدانی هێزی ١١٠ی بەیان و بە نووسینی دروشمەکانی وەک: «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» و «ڕاسان دژی تێرۆریزمی دەوڵەتی»، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەیان دەربڕیوە. هەروەها لە سێهەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوودا، پەیمانی درێژەدانی ڕێگای ئەم ڕێبەرە کوردەیان نوێ کردووەتەوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی پووشپەڕ، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان، بە ئەنجامدانی چالاکیی بەرینی تەبلیغی، بۆ جارێکی دیکە و لە سێهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆرکرانی ڕێبەری گەورەی گەلی کورد، یادی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەیان بەرز ڕاگرت و بەگژ سیاسەتە چەوتەکانی داگیرکەردا چوونەوە.

ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شوێنە گشتییەکان و نووسینی دروشمگەلێک وەک: «دوکتور قاسملوو ڕێبازە»، «بژی قاسملوو»، «شەهید قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە»، «شەهید نەمرە وەکوو شاخ» و «تێرۆر چەکی فاشیزمە»، ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی تێرۆری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوویان مەحکووم کرد.

ئەو شوێنانەی چالاکیی لێ ئەنجام درابوو، بریتی بوون لە: «جادەی کەمەربەندی، پارکی شنە، داسێرانی قەدیم و گەڕەک و کۆڵانەکانی مزگەوتی هەژارە.»

هاوکات لەگەڵ ئەو چالاکییەدا ڕایانگەیاندووە کە تووڕەیی خۆمان لەمەڕ داگرتنی ئاڵای کوردستان لە تەنیشت پارکی «شنە»ی ئەو شارە دەردەبڕین و بە کارێکی ترسنۆکانەی دەزانین و سەرجەم ئەو خۆفرۆشانە و بکەرانی ئەو کارە قێزەونە ناسراون و لێخۆشبوونیان نییە.

# لە سییەمین ساڵی تێرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا



میرۆ عەلیار

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک عەبدوڵا قادری‌ئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ نووسەر و مامۆستای زانکۆ، لەلایەن تیمێکی تێروری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە سەر مێزی وتووێژ لە وییەن شەهید کران.

سی ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد تێدەپەڕێ. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چۆتە نێو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردەوە و لە بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا زیندووە.

ئاستی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و شوێندانەربوونی هەر ڕێبەرێکی سیاسی بە دوو پێوەر هەڵدەسەنگێندرێ: یەکەم، بە کاریگەریی و بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی لە کاتی ژیانیدا و دووهەم، بەو میراتە سیاسی و هزریانەی کە ڕێبەرەکە لە دوای خۆی بەجێیان دەهێڵێ.

با هەر ئەو دوو پێوەرەش بکەین بە بنەما بۆ خستنەڕووی بەشێک لە دەسکەوت و خزمەت و میراتە سیاسییەکانی عەبدولڕەحمان قاسملوو.

## بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

**یەکەم:** دابینکردنی یەکێتی فیکری و سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا: ئەو کاتەی ڕێبەریی حیزب کەوتە دەستی دوکتور قاسملوو، ئاڵۆزییەکی فیکری بەرچاو بەسەر ڕێبەرایەتی حیزبدا زاڵ ببوو و هەرکەسەی بۆ لایەکی ڕادەکێشا! بەڵام کەندوکۆسپەکان هەنگاویان بە دوکتور قاسملوو شل نەکرد و توانی بە هاوکاریی هاوبیرەکانی و بەبێ حەزفی جیابیرەکان، ڕێبەرایەتی حیزب لە دەوری بەرنامە و پێڕەوێکی سەردەمیانەدا کۆبکاتەوە و بەشێوەیەک ژیرانە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان بۆ یەک ئامانج مودیرییەت بکا.

ئەو بڕوای بەو ئەسڵە سەلماوە هەبوو کە جیاوازیی بەگشتی و جیاوازیی بیروباوەڕ بەتایبەتی، بە نکۆڵی لێکردن و زۆر و هەڕەشە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بکرێ، بەڵام سەرکوت نابێ و لەنێوناچێ و دوای ماوەیەک، لەشوێنێکی دیکە و بەشێوەیەکی دیکە و ئەوجارە ڕادیکاڵتر و بەشێوەی ڕووخێنەر سەرهەڵدەداتەوە.

لەپێناو دابینکردنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و بۆ ئەوەی بتوانی جیاوازییەکان بکەی بە دەرفەت و مودیرییەتی بکەی، دەبێ جیاوازیی وەک ئەسڵێکی ئاسایی و دێموکراتیک بسەلمێندرێ و ڕێزی لێبگیرێ. بیروبۆچوونە جیاوازەکان ئەگەر سەرکوت کران، کێشە و دووبەرەکی و لاوازبوونی بزووتنەوەی لێدەکەوێتەوە.

**دووهەم:** دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور قاسملوو توانی حیزبەکەی لە هەر چەشنە بەستراوەییەک بەملا و بەولا ڕزگار بکا و لەباری سیاسی و تەشکیلاتی و تیئۆریکەوە هوییەتێکی سەربەخۆ بدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەربەخۆیی سیاسی بەو مانایە کە پێوەر و پێوانە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزب، بەر لە هەموو شتێک دەبێ بەرژەوەندیی خەڵک و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ و تەنیا ڕێبەرایەتی حیزب ئەو سیاسەتە دیاری دەکا.

**سێهەم:** قاسملووی ڕێبەر چەمکی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێرانی کرد بە پێناسەی بێ ئەملا و ئەولای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە هەر شوێنێک باسی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرابایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی دەکەوتەوە بیری بیسەر.

**چوارەم:** بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا، کاتێک دوکتور قاسملوو گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەڕاستی بێجگە لەو کەسانەی کە ڕابردووی سیاسی و خەباتیان هەبوو، کەم کەس قاسملوویان دەناسی و حیزبی دێموکرات لە ژێر بارانی تانە و تۆمەت و هێرشی تەبلیغاتیی زۆر لایەنەدا بوو.

بەڵام قاسملووی لێهاتوو لە ماوەی تەنیا چەند ساڵێکدا حیزبی دێموکراتی گەیاندە لووتکە و کردی بە حیزبی بەنفووز و یەکەمی کوردستانی ئێران و یەکێک لە حیزبە شوێندانەر و سەرەکییەکانی کورد بەگشتی.

**پێنجەم:** بووژانەوە و گەشەپێدان بە بیر و هەستی نەتەوەیی. لە دوای شۆڕشی ٥٧ بیروباوەڕ و ئیدئۆلۆژی چەپ بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا زاڵ بوو و پرسی نەتەوەیی لە بەرنامەی حیزبە چەپەکاندا نەک هەر لە ئەولەوییەتدا نەبوو، بەڵکوو بە بیرێکی دواکەوتووانەش دادەنرا!

لەو کەشوهەوایەدا قاسملوو ئاڵای خەباتی نەتەوەیی بەرز کردەوە و بە دەستی بەتوانای ئەو و بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبەکەی ئەو، خەباتی نەتەوەیی بە مەودایەکی زۆرەوە، بوو بە خەباتی ئەسڵی و سەرەکیی خەڵکی کوردستان.

**شەشەم:** دێموکراسی و مودێڕنیزەکردنی ژیان و خەباتی حیزب. دوکتور قاسملوو بە تەواوی، هەستی بە زەرووڕەتی بوونی دێموکراسی بۆ گەشەسەندنی حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی کردبوو و لێبڕاوانە هەوڵی بۆ پەرەدان بە دێموکراسی دەدا. لە هەموو کۆبوونەوە و دەرفەتێکدا لەسەر پاراستنی ئوسوول و موناسباتی دێموکراتیک لە حیزبدا پێداگریی دەکرد و لە تێکۆشان بۆ جێگیرکردنی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک ماندوو نەدەبوو.

باوەڕی وابوو کە خەباتی ڕزگاریخواز بۆ ئەوەی تووشی دووبەرەکی نەبێت و بتوانێ کەڵک لە پوتانسیەلەکانی خۆی وەربگرێ و ئازادی و دێموکراسی بۆ کۆمەڵگا دابین بکا، دەبێ لە خۆیدا ماهییەتەن دێموکراتیک بێ و بڕوای بە پرینسیپەکانی دێموکراسی هەبێت.

هەروەها، پرسی ژن وەک پرسێکی یەکلاکەرەوە بۆ گەشەسەندن و بەرەوەپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی، بە بێ دەروەستبوون بە ئوسوول و بنەماکانی دێموکراسی لە بنەماڵە و حیزب و کۆمەڵگادا، چارەسەر ناکرێ.

**حەوتەم:** نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد. بەبێ هیچ چەشنە گومانێک دوکتور قاسملوو لە ناساندنی پرسی کورد و جووڵانەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوەیی دێموکراتیک بە دنیا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕا. پێی وابوو کە پرسی کورد دەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دەربچێ و ڕێژیم بە ئاسانیی نەتوانێ بەدوور لە چاوی بیروڕای گشتی جیهانی کورد قەڵاچۆ بکا و مافەکانی پێشێل بکا.

زانایی و بەئەزموونبوون و کەسایەتی کاریزماتیکی ئەو لە لایەک و شارەزایی بەسەر چەند زمانی گرینگی دنیادا و لێهاتوویی ئەو لە گەیاندنی پەیام بە بەردەنگی خۆی لەلایەکی دیکەوە، دیپلۆماتێکی بەتوانای لە دوکتور قاسملوو دروست کردبوو و یارمەتی دابوو بە سەرکەوتنی ئەو لە ئەرکی نێونەتەوەییکردنی پرسی کورددا.

وەک کەسایەتیش، قاسملوو لە نێو کۆمەڵگای سیاسی و ڕووناکبیرانی ئورووپادا جێگایەکی شیاوی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو. دۆستانی قاسملوو ئێستاش لایەنگرانی بەئەمەگی کورد و پرسی کوردن.

**هەشتەم:** ڕاشکاوی و ئازایەتی لە دەربڕینی بیروباوەڕ و قەناعەتدا. دوو نموونە: خوێندنەوەیەکی نوێ لە سوسیالیزم و هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ نێو حیزب لە کاتێکدا کە تێڕوانین و تێگەیشتنی چەپی سوننەتی لە کوردستان و لە خودی حیزبی دێموکراتیشدا لەوپەڕی خۆیدا بوو! هەروەها، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ دوکتور قاسملوو نەچووە ژێر کاریگەریی و هەڵڵاوهوریا و تەبلیغاتی حیزبی توودە و هاوبیرانی. ئەو بوو دەنگی هەڵبڕی و گوتی ڕێژیمێک کە گەلانی ژێرستەمی ئێران بە تاوانی ئازادیخوازی سەرکوت دەکا و مافەکانیان پێشێل دەکا و بڕوای بە ئازادی و دێموکراسی نییە، ناتوانێ ڕێژیمێکی عادڵ و دژی ئیمپریالیست بێ.

حیزبەکەی قاسملوو زۆر زوو دەنگی پێی دیکتاتوریی نوێی بیست، بە دژی وەستایەوە و لە ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا بەمەبەستی دیاریکردنی نەوعی نیزامی داهاتوو، بەشداریی نەکرد.

## میراتە سیاسی و هزرییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

- قاسملووی خەباتگێڕ لەگەڵ ئەوەی بڕوای قووڵی بە چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگای سیاسی و وتووێژەوە هەبوو و لەو ڕێگایەشدا سەری بەرزی دانا، بەڵام فێری کردین کە خۆبەدەستەوەدان و ئاشبەتاڵ و خافڵبوون لە خەبات بۆ ئازادی، بۆ خۆمان و حیزبەکەمان بکەین بە هێڵی سوور و «تابۆ».

بە بڕوای قاسملوو، پرسی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نییە، بەڵام نە بەو مانایەی کە ڕێژیمی حاکم حاشا لە بوونی کورد بکا، بە ئاور و ئاسن هێرش بکاتە سەر کوردستان و لەنێوبردن و قەڵاچۆی ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد بۆخۆی بەڕەوا بزانێ، بەڵام کورد داماو و دەستەوئەژنۆ دانیشێ، وەدەست نەیە و بەرەنگاری دوژمن نەبێتەوە و چاوەڕوانی ڕەحمی دیکتاتور بێ داخوا کەنگێ ڕێگاچارەی سیاسیی پرسی کوردی بەبیر دادێ!

بەپێچەوانە، مەبەستی دوکتور قاسملوو لەو قسەیە ئەوە بوو کە ڕێژیم بە چەک و بە ڕێگای نیزامییەوە جووڵانەوەی کوردی پێ لەنێو ناچێ و کورد دەبێ بە خەباتی بێوچانی خۆی بەشێوەی جۆراوجۆر، یەک لەوان خەباتی چەکداریی، حکوومەت ناچار بکا کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگای وتووێژ و سیاسی بگرێتە بەر.

- قاسملووی دێموکرات دەیگوت، لەپێناو پاراستنی کەرامەتی یەکتر و دابینکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی لایەنەکانی نێو جووڵانەوە و گەشە و پەرەپێدان بە حیزبایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازدا، دەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا دەروەست و پابەند بین بە پێوەر و پرینسیپەکانی دێموکراسی.

پێی دادەگرت کە خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوەیی. ئەو بەدروستی دەیزانی پرسی دێموکراسی و پرسی خەبات بۆ ئازادیی و مافی نەتەوەیی بە هیچ شێوەیەک لەیەک جیا ناکرێنەوە.

- قاسملووی خاوەن ستراتێژی دەیگوت، دەبێ هەوڵ بدەین کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ببێت بە فاکتەرێکی سیاسیی سەربەخۆ لە ناوچەدا و بۆ ئەو مەبەستە، پێویستمان بە یەکێتی و هاوهەڵوێستیی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی هەیە.

- ڕێبەری نیشتمانپەروەر فێری کردین، دەبێ بڕوابەخۆ بین و لە خەباتدا پشت بە خەڵک و هێزی خۆمان ببەستین، بڕوامان بە داهاتوو و بە سەرکەوتن هەبێ. دەیگوت، ڕەمزی سەربەرزی و سەرکەوتن لە خۆڕاگریی و بەردەوامبوون لە خەبات لە پێناو ئازادییدایە: «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ ئامادە بێ نرخەکەشی بدا».

- واقیعبینی: واقیعبینی سیاسی بەرهەمی باشناسینی دۆخی سیاسی و مێژوویی ئەو جوغرافیایە کە خەباتی تێدا دەکەی، خوێندنەوەی فاکتەرە شوێندانەرەکانە، هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دروست لە بارودۆخی بەردەستە و سەرەنجام، داڕشتنی سیاسەت و ئامانج و ستراتێژیی خەبات لە سەر بنەمای ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا و ڕەچاوکردنی سیاسەتی هەنگاوبەهەنگاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە.

لە ژیان و خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوودا ئەو تایبەتمەندییانە بەڕوونی دەبینرێن.

ئەو سیاسەتە واقیعبینانەیە، سەقامگیریی سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا مسۆگەر کرد.

لەو پێوەندییەدا، ئەگەر بە دوور لە دەمارگرژیی ئاوڕێک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، ئاڵوگۆڕەکانی ئەوڕۆ گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی قاسملوویان پێوە دیار نییە؟!

- قاسملووی زانا و بیرمەند پێی دەگوتین کە لە ژیانی خوسووسی و حیزبی و خەباتماندا، فێربوون و خۆپێگەیاندن و خۆپۆشتەکردن بە چەکی زانست، بکەین بە ئەرکی ڕۆژانە.

- قاسملووی بە بیروباوەڕ، ڕێبەربوون و ڕێبەریکردنی بە کەیفییەتێکی جیاوازەوە پێناساندین. ڕێبەری خەباتگێڕ و بەئەخلاق بەپێی وەسیەتنامەکەی «لە ماڵی دنیا تەنیا کتێبخانەیەکی لە پاش بەجێ دەمێنێ و ئەویش، لە ڕێگای جێنشینەکەیەوە دەگەڕێتەوە سەر دارایی حیزب»!

هەموو ئەو توانا و تایبەتمەندییە بەرزانە، قاسملوویان کردبوو بە کەسایەتی و ڕێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن نفووز و ئۆتۆریتەی مەعنەوی. قاسملوو ئەگەرچی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چاو لێدەکرا و خەڵک لەدەرەوەی حیزبەکەشی، دوکتور قاسملوویان وەک ڕێبەری هزری و سیاسی خۆیان قەبووڵ کردبوو و ڕێزیان لێدەگرت.

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی مێژووسازی دێموکرات و نیشتمانپەروەر، هەتاهەتایە لەبیر ناکرێ.

برینی قاسملوو پاش ٣٠ ساڵ ئێستاش هەر تازەیە و خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەو برینە ئەوکاتە سارێژ دەبێتەوە کە کورد بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی کە ئامانجی قاسملوو بوون، بگا؛ کەوایە، با بە هەموومان بە خەباتی بەردەوام و لێبڕاوانە بۆ سارێژکردنەوەی برینی ڕێبەرە تاقانەکەمان تێبکۆشین.

بەرز و پیرۆز بێ یادی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووی مەزن و هاوڕێکانی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و کاک دوکتور فازل ڕەسووڵ.

# قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە

ئیبراهیم لاجانی

**بەشی دووهەم و کۆتایی**



**قاسملوو ژیانی خۆشدەویست. هەژاری تەقدیس نەدەکرد. هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ. ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزاربوو. هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگی بازاڕ وئابووریی ناوچە. کوردستان مەکۆی نەوت وگاز وئاوە. بۆیە ئەگەر شانسی بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ، زوو دەبێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە بەڵام دەیگوت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردا بێ. ئەو دەیگوت پێشکەوتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتییە.**

ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بۆتە دیسکۆرسی سیاسی لە کوردستاندا. بۆتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران. خوێندکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، زانکۆییەکان و باقی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەگرن. هەرچەند دوکتور قاسملوو هاونەسڵی، نەسڵی ئێستای کوردستان نییە، بەڵام ئیدە و پەیام و ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا لە هی هەموو کەس باشتر وەردەگیرێن. قاسملوو لە هەموو ڕێبەرانی ئەمڕۆی کورستان، لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکتر و مەقبوڵترە.

قاسملوو دەیگوت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر. کورد لە ژێر ستەمدایە و کوردستان دابەش کراوە. ئەو وەزعە نابێت قبووڵ بکرێ. ئەوە نیوەڕۆکی پەیامی قاسملوو بوو. نەوەی نوێی کوردستان بە ئێسک و پێستەوە هەست بەو ستەم و بێعەداڵەتییە دەکا کە لەسەر کوردە. هەربۆیە لە دەورانی گلۆبالێزاسیۆندا، نەوەی نوێی کوردستان، مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ و لە جەوهەری پەیامی قاسملوو تێدەگا. بەڵام قاسملوو تەنیا هەر بەوە ڕازی نەبوو کە بەدژی وەزعی ئێستای کورد و ئەو ستەمە بێتە مەیدان کە لەسەریەتی. ئەو داهاتووی کورد و کوردستانیشی دەستنیشان دەکرد. دەیزانی کورد دەبێ بڕواتە کوێ. حەزرەتی مووسا دەیزانی ئوممەتی خۆی بۆ کوێ هیدایەت دەکا. قاسملووش دەیزانی کورد دەبێ بەرەوکوێ بڕوا. ئەو دەیگوت کوردستان دەبێ بچێتە ڕیزی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتووی دونیا. دەیگوت مۆدێلی ئێمە ئورووپایە کە چڵەپۆپەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئینسانییە. لووتکەی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و تێکنۆلۆژی ئینسان ئەوەیە کە لە ئورووپا هەیە. بۆیە دەبێ بەرەو ئەو مۆدێلە بڕۆین. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورکیە بێتە نێو ئورووپاوە. دەیگووت ئەوەدەم بەشێک لە کوردستان دەبێتە ئورووپا و تەئسیری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. قاسملوو ژیانی خۆشدەویست. هەژاری تەقدیس نەدەکرد. هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ. ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزاربوو. هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگی بازاڕ وئابووریی ناوچە. کوردستان مەکۆی نەوت وگاز وئاوە. بۆیە ئەگەر شانسی بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ، زوو دەبێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە بەڵام دەیگوت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردا بێ. ئەو دەیگوت پێشکەوتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتییە.

قاسملوو نێوەرۆکیی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی فۆرموولە کرد، یانی کوردایەتییەک کە لە نێوەڕۆکدا دێموکراتیک و ئازادیخوازە، دوورە لە بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی و مەزهەبیگەری. لەو ناسیۆنالیزمەدا خاکی کوردستان کاکڵی کێشەکەیە و کورد حەساسیەتی زۆر بە خاک نیشان دەدا. لەو ناسیۆنالیزمەدا، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەکەونە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا، ئامانج گەیشتنە بە مۆدێڕنیتە، نەک دژایەتی مۆدێڕنیتە. لەو ناسیۆنالیزمەدا، دین لە دەوڵەت و حکوومەت جیایە. یانی پێوەندییە سیاسی و حقوقییەکان سێکۆلاریزە دەکرێن نەک کۆمەڵگا. زۆر جار دەیگوت حیزبی ئێمە لائیکە. یانی ئێمە نامانهەوێ دین لە کۆمەڵگای کوردستان وەدەرنێین بەڵکوو دەمانهەوێ دین وەک نیهادێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەخشەی هەبێت کە بە شێوەیەکی سرووشتی چاوەڕوانی لێ دەکرێت. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکان و کەمئەندامان، دەبنە بەشێک لە جەوهەری بەرنامەی ڕزگاری نەتەوەیی و شۆڕش و خەبات. بەمجۆرە قاسملوو ناسیۆنالیزمی کوردی خستەسەر جادەیەکی ڕاست و درووست. ئەو ناسیۆنالیزمی کوردی کردە بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکە. ئەو خەباتی کوردی لە کەوتنە داوی دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەهودییەت و مەسیحییەت و هەر چەشنە دین و مەزهەبێکی دیکە پاراست. بەو جۆرە ناسیۆنالیزمی کوردی کردە پاڕامێترێکی جیددی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا. ئەو بە هەموو تواناوە تێکۆشا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان نەکەونە داوی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم و بونیاتگەرایی مەزهەبی و سیاسی و ئیدئۆلۆژیک و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە یانی ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردی لەگەڵ دێموکراسی و لیبڕالیزم و ئوسوولە نێونەتەوەییەکان و عورفی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ کرد.

قاسملوو قەت سۆز و ڕق و کینەی نەدەکردە بناخەی سیاسەتگوزاری و هەڵوێستی سیاسی. واقعبین بوو. بڕوای بە تواناکانی لاوانی کوردستان هەبوو. تێدەکۆشا کورد فێری بەرزەفڕی بکا و هانی دەدا توونتر و بەرزتر لەوە کە هەیە بفرێ. شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە چوارچێوەی زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە بۆیەشە لە نێو کورداندا هەروا بەرز و بێ هاوتایە. ئەو مەسئولیەتی وەردەگرت. دەیگوت چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی لەو دۆخەی کە تێیداین بێینەدەر. دژی ئیمامزادەسازی بوو. بۆ ئەو ئیمامزادەسازی یانی ڕاوەستان لە مێژوودا، یانی بە بارمتەگرتنی داهاتوو بوو. لە حیزبایەتی و سیاسەتکردندا دژی ڕۆحیەی کەربەلایی بوو. لایەنگری عەقڵ وکردەوەی سیاسی هەڵسەنگێنراو بوو. دژی بەهرەبەرداری لە شەهیدان بوو. بۆ ئەو سست عونسۆری و کورتبینی و خۆپەرستی و ڕۆحیەی دژی کۆمەڵایەتی و تا سەری لووتی خۆدیتن، گەورەترین نیشانەکانی دواکەوتوویی بوون. لایەنگری سەرسەختی پلۆرالیزمی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی بوو. پێی وابوو پلۆڕالیزم و دیسانتڕالیزم دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ئابووری و پێشکەوتن و خەلاقیەت و ئینێرژییەکان ئازاد دەکەن هەر بۆیە دەیگووت ئێران دەبێ دیسانتڕالیزە و پلۆڕالیزە بکرێ. لە سیاسەتدا جرمی بنتام بۆ قاسملوو سەرمەشق بوو واتە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی. خێری گشتی لەوەدایە کە مرۆڤ قازانجی کورتخایەنی خۆی فیدای قازانجی درێژخایەنی گەل و وڵات بکا. لەسیاسەتدا دووربین و ستراتیژیک بوو. لە نووسین و وتار و باسەکانیدا دیدی زانستی و ئینسانی زاڵە. شعووری بەرزی سیاسی و واقعبینی سیاسیان تێدایە. ئەوە لە وڵاتێکدا کە خەڵک بە هەوا و لەسەر ئەساسی سۆز و عاتیفە کاردەکەن، کارێکی دەگمەنە. ئەو لە بەیان کردنی مەبەستە سیاسییەکانیدا زۆر ڕەوان بوو؛ ئاڵۆزترین مەسەلەکانی بەزمانێکی زۆر سادە دەر دەبڕین. لە سیاسەتدا ئایندەبین بوو. خۆبەزلزان نەبوو. دیدێکی ئاواڵای هەبوو. خاوەن نەزەر و هەڵسەنگاندنی خۆی بوو، بۆیە لە لایەن هەموو ئەکتەرەکانی سەر شانۆی سیاسەتی ئێران و کوردستان و تەنانەت موخالیفەکانیشی بە جیددی وەردەگیرا. زۆریان هێرش کردە سەری بەڵام ئەوە زەڕەیەک کاری لێنەکرد و لە خەباتی سارد نەکردەوە. قەتیش شەڕەجنێوی نەکرد. هەمیشە دەیگوت دەبێ ئەدەبیاتی حیزب وەزین و هەڵسەنگێنراوبێ و لە ئەدەبیاتی چالەمەیدانی خۆ دوور بگرین. ئەو قەت حەقیقەت وگۆڕەپانی سیاسی کوردستانی لە پاوانی خۆیدا نەدەدی، نەیدەویست حیزبی دێموکرات تاقانەبێ بەڵام تێدەکۆشا حیزبی دێموکرات بەهێز و کاریگەر بێ لە مەیدانەکەدا. ئەو پێی وابوو تەوافوق دەبێ لە ئاکامی هاتنە گۆڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە وەدەستبێ. لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا دوای هەمووان نەزەری خۆی دەردەبڕی و تەنیا هاوئاهەنگی درووست دەکرد. قاسملوو وێڕای ئەوەیکە دەریای زانیاری بوو کەسێکی سەمیمی و گەرمیش بوو. نموونەی بەرزی ڕۆحیاتی بەرزی ئینسانی بوو. بە هەموو بڕواوە بۆ ئەو ئامانجانە کاری دەکرد کە بڕوای پێیان بوو. پێغەمبەر ئەگەر بڕوای بە پەیامی خۆی نەبێت، ناتوانێ خەڵکیان لە دەورە کۆکاتەوە. ئەو بڕوای بە پەیامی خۆی بوو بۆیەش دەیتوانی خەڵکیان بۆ مۆبیلیزە بکات. ئەو دەیگوت دەبێ لە خەباتدا تەکیە بکەینە سەر ئامانجی درووست و وەسیلەی درووست و پڕۆسەی درووست. دەیگووت دەبێ لە جیاتی چەک و پووڵ داوای پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی بکەین. ئەو دەیگووت دەبێ تەکیە بکەینە سەر بیری خەباتگێڕانە و پەروەردە و ڕیتۆریکی حەقخوازانە و عادڵانە.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بەدەگمەن کەسانی وا هەڵدەکەون کە دەبنە کەسایەتی مێژوویی. قاسملوو نەک دوای مەرگی تەنانەت لە سەردەمی ژیانی پڕبەرەکەتیشیدا، بوو بە کەسایەتییەکی مێژوویی.

ئازایەتی لە هەڵوێست گرتندا، بینشی قووڵی سیاسی و شەهامەتی سیاسی کە لە قاسملوودا هەبوون، لە هەموو سیفەتەکانی دیکەی زەقتر بوون. زەمانێک کە خەڵک جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ. ئەگەر نەزەراتی ئەو بە هێند گیرابا، ئێران تووشی ئەو سیاچاڵە نەدەبوو کە ئێستا تێیدایە. دوکتور قاسملوو هەم شارەزا و لێهاتوو بوو، هەم بە ویژدان و خاوەن ئەخلاقی خەباتگێڕانەش بوو. هەمیشە دەیگوت ئێمە بەرپرسین. دەبێ وریای کار و کردەوەکانمان بین و خەڵک لێمان دەپرسێتەوە. لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا، دەنگی قاسملوو لە دیفاع لە دێموکراسیدا، جەسوورترین و بەرزترین دەنگ بوو. لەخۆڕا نەبوو بە کوردستانیان دەگووت سەنگەری دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی. ئازادەگی جەوهەری ئەخلاقی قاسملوو بوو. ئەو دەیگوت سیاسەت ئەگەر ئیلتیزام، تەعەهود و مەسئوولیەتی لەگەڵ نەبێ دەبێتە بۆمبێکی خەتەر. مەسئوولیەت و تەعەهود یەکێک لە ماتۆڕەکانی فرۆکەی سیاسەتی قاسملوو بوون؛ هەمیشە نیگەرانی ڕاستی و درووستی کار وکردەوەکانی تێکۆشەرانی حیزب بوو. ئەو چاک پێوەندی دیالێکتیکی نێوان ئامانج و وەسیلە و پڕۆسە و ئاکامی دەزانی. دەیگوت ئامانجی بەرز و ئینسانی دەبێ بە وەسیلەیەکی ئینسانی و میتۆدی ئینسانی کاری بۆ بکرێ. دەنا تووشی شکست دەبێ بۆیە تێدەکۆشا بزووتنەوەی کورد لە هەموو هەڵە و پەڵەیەک و کوێرزەینییەکی سیاسی دوور ڕاگرێ.

ڕووناکبیرێکی دیار بوو بەڵام لەگەڵ هەموو ڕووناکبیران جیاوازی هەبوو. قەت ئیدیعای ڕووناکبیری نەدەکرد و ئەدای ڕووناکبیرانی دەرنەدەهێنا. لە هەمان کاتدا ئیدیعای دەروێشیشی نەدەکرد. بێ نیازبوو، کەسێکی حەماسی بوو، هەموو ژیان و زانایی و تواناکانی خۆی هێنابوونە خزمەت شۆڕش. زۆری پێخۆش بوو میللەت و ڕۆحی باوکی لێی ڕازی بن. ئەو حیسابی لە خۆی و هاوڕێیانی دەکێشا. دەڵێن کار دەگەڵ حەزرەتی عیسا سەخت بووە، چوونکە سەختگیر بووە، بەڕاستی ئەوە لەسەر قاسملووش ڕاست بوو. ئینزباتێکی سەختی لە سەر خۆی و حیزب و هاوڕێیانی پیادە دەکرد. بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بوو، بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن. دەرکێکی درووستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بەکام وەزعی مێژووییدا تێدەپەڕن بۆیە هەمیشە گەشبین و ڕوو لە داهاتوو بوو. دژی ئەوە بوو سیاسەت، دین وەک وەسیلەی چوونە پێشی خۆی بەکار بێنێ. چوونکە دەیگوت لە حاڵێکی ئاوادا سیاسەت سەرەنجام دەبێتە داردەستی دین. ئەو لەوبارەوە ئەزموونی ئورووپای بە نموونە دەهێنایەوە. فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی قاسملوو هێندە دەوڵەمەند بوو کە هەموو کەسی دەخستە ژێر شوێنەواری خۆی. دانیال میتران دەڵێ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو ئارامبەخشی ڕۆح بوو. ناسری پاکدامەن دەڵێ قاسملوو کەسێکە وەک موسەدیق کە ئێران دەبێ پێیەوە بنازێ. سەرمەشقێکی لە خۆی درووستکرد، کە لە هەموو سەرمەشقەکانی ئەو چەند دەیەی دوایی نێو بزووتنەوەی کورد تێپەڕی. ئەوەتا سێ دەیە دوای شەهیدبوونیشی زەمان نەیتوانیوە بیخاتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. ئەو دەیگووت ئەرکی هەرە گەورەی حیزبی دێموکرات ڕێکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستانە. قازانجی گشتی کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بوو، بۆیە ئێستاش هەر سەرچاوی ئیلهام و لێفێربوون و مۆتیڤاشونە. پێی وابوو حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە یەک کاتدا خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و ڕزگاری لە بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش بەڕێوەبەرێ. بە ڕۆحیەی مەزهەبی سیاسەتی نەدەکرد. ڕۆحیەی مەزهەبی یانی وشکبیری لە ئەندێشەی سیاسی و توندوتیژی لە کردەوەی سیاسیدا. بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی قاسملوو دەبێ خۆمان بە ئینلایتنمێنت واتە تەنویری قاسملوو بسپێرین. بە چاویلکەی ئیدئۆلۆژی تەماشای دونیا نەکەین. ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە بەرین کەینەوە. زەنجیری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی لە دەست و پێی سیاسەت و بیری سیاسیمان بکەینەوە.

دەبێ بزووتنەوە گەورە و بەرین کەینەوە بە جۆرێک کە هیچ کەسایەتی و هێزێکی دێموکراتیکی کوردستانی وەلانەنرێ. دەبێ سیاسەتی کوردی و حیزبایەتی لە پاتۆلۆژی پاک کەینەوە و زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی و ئەدەبیاتی ڕۆژانەمان لە جوێن و تەوهین و سووکایەتی کردن بە یەکتر و ئەم و ئەو دوور ڕاگرین. دەبێ ئاستی سیاسەت و کاری حیزبی بەرینەسەر و خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو مەسئوولیەتەی لە سەر شانمانە. دەبێ خۆمان بەرینە ئاستی تێکۆشەرێکی حیزبی. دەبێ بە جەهەتی خێری گشتیدا هەنگاو هەڵگرین.

بەڵێ دوکتور قاسملوو ئێستاش هەروا سەرمشقی خەبات و سەچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزب و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی دیکەی ڕێگای ئازادی کوردستان.

# ڕاسان
# لە ئەرکی شۆڕشگێڕییەوە هەتا خولقانی گوتارێکی نوێ



سارێژ کوردستانی

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

## ڕاسان و جووڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ ی هەتاوی

زۆرێک لە خاوەنڕایان و سیاسییەکانی خۆیی و بێگانە وایان لێکدابوویەوە کە ڕاسان دووبارەبوونەوەی مێژوو لە قۆناغێکی تردایە و لەگەڵ جووڵانەوەی پیرۆزی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ دا شوبهاندبوویان. لە هەمان کاتدا ڕاشیانگەیاند کە دەسکەوتێ زیاتر لەو سەردەمی نابێ! ئەوەی ڕاستی بێ تەنیا شتێکی کە دەگەڵ ئەو سەردەمی، یەک دەگرێتەوە تەنیا و تەنیا هەڵوێستی گەڕانەوەیە و بەس. هەم لە باری تەشکیلاتی و هەم بارودۆخی ناوخۆ و حیزب و خەڵکەوە، هەم زەمانی جیاوازی لە گەڕانەوەکەدا و هەم لە باری ستراتیژی جیاوازییان هەیە کە دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێنبەندی بکرێ:

١ - گەڕانەوەی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ گەڕانەوەی یەکلاینەی کۆمیتەی ئینقلابی بوو. بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی، ئەو کۆمیتەیە ڕێکدەخەن و دەستەیەک کادر و پێشمەرگەی لەخۆبوردوو و گیان لەسەردەست بڕیاری گەڕانەوە و خەباتی چەکداری دەدەن.

٢ - گەڕانەوەی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ گەڕانەوەیەکی تاکڕەهەندی بە ئیمان و بڕوابەخۆبوون بوو.

٣ - جیاوازییەکی تری لە بواری زەمانی و مەکانی بە بەفاکتۆرگرتنی چەمکی هەستانەوە دەکرێ جووڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ لە سەرتر بێ، بەڵام بەربڵاویی ڕاسان شتێکی ترە.

٤ - جووڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ سەرهەڵدانێکی چەکداریی بوێرانە بەڵام بەداخەوە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا بوو.

٥ - جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ لە پشتی جەبهەیەکی قورس و قایم کە بتوانێ داشدار و فەریادڕەس بێ بە داخەوە بێبەش بوو.

بە هۆی کێشەیەک کە لە سەر شێوەی خەبات و بەڕێوەبەری لە نێو ڕێبەرایەتیی حیزب دێتە ئاراوە، سەرەتا دەستەیەک کۆمیتەی ساغکەرەوە و پاشان بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی کۆمیتەی ئینقلابی دادەمەزرێنن و بۆ درێژەی خەبات بە دژی ڕێژیمی پەهلەوی دەگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بە زۆری ناوچەی بانە و سەردەشت و پیرانشار) و جووڵانەوەیەکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا وەڕێ دەخەن. بەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیە هەم حیزب لە قەیرانی لەناوچوون دەپارێزن و هەم ڕووپەڕێکی زێڕین لە مێژووی پڕ لە شانازیی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بۆ بەرەی داهاتوو تۆمار و دەنەخشێنن.

لە ماوەی ١٨ مانگ خۆڕاگری و بەربەرەکانێ و شەڕ لەگەڵ بەهێزترین ئەرتەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان و پەیوەندیی تەشکیلاتی و ڕێکخستن و کاری پێشمەرگایەتی ئەوپەڕی قارەمانەتییان لەخۆ نیشاندا. هەروەها لە ناوخۆش ئەندامان و لایەنگرانی حیزب زۆر بە دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەڵدەسووڕان و لە پشتیوانی و دالدەدانی پێشمەرگە کەمیان نەدەهێنا؛ بۆیە سیاچاڵەکانی پادگانی جەڵدیانی پیرانشار کە دادگای سەحرایی لێ دامەزرابوو، لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەئاخندرێ و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و وەحشیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن و جیا لە ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر، لەباری پاکوخاوێنی و بێهداشتەوە پێیان ڕانەدەگەیشتن. بۆیە زۆرێک لە زیندانیان بە ئەسپێ دەکەوتن و لەبەر زیندەوار (کێچ و ئەسپێ) دادەقنان و ئارامیان لێ هەڵدەگیرا! سەریان دا بەڵام سەریان نەوی نەکرد.

## ڕاسان و فرەڕەهەندی

خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی پێی نایە قۆناغێکی تازە و نوێوە کە ناوی ڕاسانی لێ نرا. ڕاسان ڕۆحێکی تازەیە کە وەبەر جووڵانەوەی مافخوازیی کوردستان نراوە، نوێکردنەوەی شۆڕش و سەرهەڵدانێکی فرەڕەهەندە. گەڕانەوەیە بە مەبەستی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ. مەشخەڵانێکە بۆ بەرچاوڕوونیی داهاتوو. دابەشکردنی ئەرکە بە سەر هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەنگران و ئەندامان و پێشمەرگەکانی شار، بە ژن و پیاو و خوێندکار و فەلا و کەسەبە و کرێکار و کارمەند و مامۆستای ئایینی و مامۆستای قوتابخانە و قوتابی و ئینجیئۆکان و هەڵسووڕاوانی مەدەنی و نووسەران و هونەرمەندان و ... کە هەموویان دەکرێ بە پێشمەرگەی شار ناوزەد بکرێن. ڕاستە وەک پێشمەرگەی شاخ پێشمەرگەی شاریش هەیە. ئەرک و پێسپێراوی پێشمەرگە جێگە و پێگەی لە خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان زۆر بەرز و پیرۆزە، بەڵام ئەرکی ئەو چین و توێژانە لە بەرەوپێشبردنی خەبات لە ئەرکی پێشمەرگە نامێنێتەوە یانی ئەرکی پێشمەرگە و ئەرکی جەماوەر تەواوکەری یەکدین.

هاوکاریی جەماوەری بۆ بەهاناوەچوونی بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشان، نەورۆزی جامانەکان و سەمای ئازادی و مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانە و چالاکییە فەرهەنگی و هونەرییەکان و هەڵسووڕاوانی مەدەنی و ئینجیئۆکان و زۆریتر لەم چەشنە چالاکییانەی شار، هەم پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاخە و هەم هاندان و ڕوونکردنەوەی خەڵکە و هەم نیشانەی سەرزیندووبوونی خەباتگێڕانی شار و هەم زراوبردنی دوژمنە.

ڕاسان گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شەڕی چەکداری و زەربەلێدان لە پایەگایەکی سپا نییە. پێشمەرگە گەڕاوەتەوە پایە و بناغەی کۆماری سێدارە لە کوردستان هەڵتەکێنێ.

ڕاسان خەباتی بە جەماوەری کردووە. بە دابەشکردنی ئەرکەکان هەموو چین و توێژەکان ئەکتیو و بە بەرنامە و پلانی ڕاسان دوژمن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جێ پێی لێژ و لێژتر دەبێ! بەپێی ئەزموونەکان و بەرچاوڕوونیی ڕێبەری سەرکردە دوکتور قاسملوو بەپێچەوانەی شۆڕشەکانی چەند دەیەی ڕابردووە کە ئامانجی حیزب تا ڕزگارکردنی کوردستان و بە دامەزراوەییکردنی دەسەڵات لە کوردستان بوو. لە خەباتی حیزبی دێموکراتدا ئەو ئامانجی پیرۆزی خۆی لە دەست نەداوە هیچ بەڵکوو دوکتور بۆ پاش بە بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتیش بەرنامەی بۆ داهاتوو هەبووە، بۆئەوەی دەسەڵاتی کوردی نەکەوێتە قەیران و بۆشایی و بێبەرنامەییەوە. ڕاسانیش بەو پێودانگە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرچاوڕوونییە گەڵاڵە و بەرنامەی تۆکمە و ئامادەکاری بوار و جەماوەری بۆ داهاتوو کردووە کە لە دواڕۆژدا کوردستان تووشی قەیران و تەگەرە نەیە. بە کورتی ئامادەکاری بۆ تەیارکردنی جەماوەر بۆ خەباتی مەدەنی و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندان و هەروەها بۆ پاش نەمانی ئەو دەسەڵاتە نگریسەش ڕاسان پلان و بەرنامەی هەیە.

## ڕاسان و دیسکۆرسی نوێ

ڕاسان جیا لەوەی توانیویەتی بە شێوەیەکی مودێڕن و سەردەمیانە خەبات لە شاخەوە بگوازێتەوە شار و شەقام جۆش و خرۆشێک بە خۆیەوە ببینێ کە بە تەواوی ڕەنگدانەوە و کاریگەریی شاخە، لە هەمان کاتدا دیسکۆرس و گوتارێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە دەتوانێ دواڕۆژیکی ڕوون بخاتە بەرچاوی بەردەنگەکانی خۆی.

گۆڕینی چارتی سازمانیی حیزب و بەرفراوانکردنی بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕی لە ڕەدەکانی ڕێکخراوەیی حیزبدا و کرانەوەی کەشی هەڵسووڕان لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەت لە دنیای مەجازیدا توانیویەتی ئەو گوفتمانە نەک بەرێتە نێو خەڵکی کوردستان بەڵکوو لە نێو ئێران و نەتەوەکانی‌تری ئێران ببێتە دیالۆگی زاڵ.

ئەوەیکە خەڵکی سەرزیندوو و بە تابشتی وەجموجۆڵ خستووە و سەرەڕای پڕتەوەربوونی، باری دیالۆگی زاڵی ڕاسان توانیویەتی ئەوا بە پڕتاو پەرەبستێنی و هەموو شوێنێکی ناوچە بگرێتەوە. خۆتێدادیتنەوەی تاکی کۆمەڵگا، بە ئاقاری دۆزینەوەی دیاردەیەکی دەگمەنە کە ساڵەهایە عەودالییەتی وەک تراویلکە جارناجار سۆسەی داوە، ئەمڕۆ بەسەر داکەوتووە. وەرگرتن و پەرەئەستاندن و سەرکەوتوویی گوتاری ڕاسان لە نێو جەماوەردا وێکچوون یان یەکگوتاری و ئاشنایی دەرد و کەسەرێکە هاوبەش. دۆزینەوەی بزربوویەکە دوای ساڵەها چاوەڕوانی.

## ڕاسان و قۆناغی نوێ

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر وەک لەم بابەتەدا هاتووە چاوێکی خێرا بە ڕەوتی خەباتی کورد بۆ ڕزگاری لەو سەدەیەی دواییدا بگێڕین و ئاوڕێک لە خەباتی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکرات بدەینەوە، لەپێشدا دڵخۆش دەبین بەوەیکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەنگاوەکان بەرەوپێش بوونە. ڕاستە تووشی گەلێک نەهامەتی و کێشە و تەگەرە بووین. ڕاستە ڕێبەرانمان لە دەست داوە و زۆر جار جووڵەمان کەم بۆتەوە؛ بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، ڕەوتێکی تەکووزی ڕاست بەرەو ئامانجی دیاریکراو لە هەڵکشاندا بووە و ئێستاش درێژەی هەیە.

حیزبی دێموکرات لە دەسپێکەوە مۆدێڕن و ڕچەشکێن بووە. بە درێژایی مێژووی خۆی نیشانی داوە حیزبێکی دێموکرات و نیشتمانپەروەرە. ل ه هەمان کاتدا لەگەڵ خەڵکی خۆی ڕاست و دروست و ڕاستگۆ بووە. ئامانج و ستراتیژیی ڕوون و شەفافی هەبووە. هاوهەنگاو لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی خەڵکی خۆی خەباتی کردووە و لەوان بووە و بۆ ڕزگاریی ئەوان هەموو سەختی و نەهامەتییەکی دیوە.

لەو کاتەوە کە ڕاسان ڕاگەیەندراوە، قۆناغێکی نوێ لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هاتۆتە ئاراوە، قۆناغێک بە نوێبوونەوەی سەرجەم بوارەکانی خەبات.

بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ قوڵایی نیشتمان. خەڵک لە هەموو شوێنێکی کوردستان بە تەواوی گەشایەوە و خۆشی لە دڵی گەڕا. پەیامهێنەرانی ئەم قۆناغە نوێیە لەگەڵ خۆیان نەک چەک، گوفتمان و دیالۆگێکی تازەیان هێنا کە ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی ڕاسان. ڕەهەندەکانی ڕاسان هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای گرتەوە و کاریگەریی پۆزەتیڤی خۆی نیشان دا.

بە کردەوە و لە مەیدانی عەمەلدا زۆر نموونەمان هەر لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا بەرچاو کەوت. گۆڕینی شێوەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوەکانی حیزبی و تەشکیلاتی دەروون حیزبی کارێکی کردووە کە کەشی هەڵسوڕان و مەیدانی جووڵانەوەی تەشکیلاتی بەرفراوانتر بێ و دەستوێڕاگەیشتن بە پێشمەرگە و خەڵکی ناوخۆ و دەرەوە و بە پێی نەزم و دیسیپلینێک کە بۆی داڕێژراوە بچێتە پێش. ئەگەر بەپێی گەڵاڵەکەی بچێتە پێش لە داهاتووی نیزیکدا شاهیدی کاراتر بوون و نوێبوونەوەی ئەم بوارەش دەبین. لە قۆناغی نوێبوونەوەی خەباتدا بە شاهیدیی خەڵکی کوردستان، ڕاسان بە دەستی ڕاساوانی گەیشتە ڕاسانیانی خۆی. قۆناغی یەکەمی وەرگیرا و بە پراکتیک کرا. بە دڵنیاییەوە دەکرێ نمرەی قەبووڵی پێ بدرێ بەڵام پێویستە بۆ قۆناغەکانی دیکەی چارتی تەشکیلاتییەکەی چالاکتر و بەربڵاوتر و کارامەتر لە جاران خۆراکی میدیایی و تەقەمەنیی ڕاگەیاندن و سەنگەری پتەوی کۆمەڵگای مەدەنی و تەداروکاتێکی هەمەلایەنە بۆ ناوخۆ ئامادە بکا و نەخشەڕێگای چوونە پێش و تاکتیکی زەربەلێدان و تکنیکی ڕەزمی شەوانە بە شێوەی سەردەمیانە و تۆکمە دابڕێژرێ و هەموو پێداویستی و کەموکوڕییەکان بۆ ڕاساوان و ڕاسانیان دەستەبەر بکا، هەتا گەیشتن بە ئامانج لە داهاتووی نزیکدا دەستەبەر بێت.

> **ڕاسان گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شەڕی چەکداری و زەربەلێدان لە پایەگایەکی سپا نییە. پێشمەرگە گەڕاوەتەوە پایە و بناغەی کۆماری سێدارە لە کوردستان هەڵتەکێنێ. ڕاسان خەباتی بە جەماوەری کردووە. بە دابەشکردنی ئەرکەکان هەموو چین و توێژەکان ئەکتیو و بە بەرنامە و پلانی ڕاسان دوژمن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جێ پێی لێژ و لێژتر دەبێ!**

> **حیزبی دێموکرات لە دەسپێکەوە مۆدێڕن و ڕچەشکێن بووە. بە درێژایی مێژووی خۆی نیشانی داوە حیزبێکی دێموکرات و نیشتمانپەروەرە. لە هەمان کاتدا لەگەڵ خەڵکی خۆی ڕاست و دروست و ڕاستگۆ بووە. ئامانج و ستراتیژیی ڕوون و شەفافی هەبووە. هاوهەنگاو لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی خەڵکی خۆی خەباتی کردووە و لەوان بووە و بۆ ڕزگاریی ئەوان هەموو سەختی و نەهامەتییەکی دیوە.**

# حەسەن ڕووحانی، بریتانیای بە ماکەی فیتنەی ناوچە ناو برد!

**محەممەد سلێمانی**

ناکۆکییەکانی نێوان بریتانیا و ئێران دوای لێدوانی سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران، «حەسەن ڕووحانی»، پێی ناوەتە قۆناغێکی مەترسیدار و بووەتە سەرچاوەی ئاڵۆزیی سیاسی و دیپلۆماسی. ئەو بارگرژییە تازەیە بە نۆرەی خۆی زیانی گەورە بە کەرتی ئابووریی ئێران دەگەیێنێت، کە بە تەنیا گەلانی ئێران لێی زەرەرمەند دەبن. مێژووی پێوەندییە سیاسییەکانی لەندەن و تاران لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا بەرادەی ئێستا ناخۆش و قەیراناوی نەبووە و بەو زمانە هەڕەشەیان لەیەکدی نەکردووە. سیاسەتی بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئوروپایی سەبارەت بە حکوومەتی ئاخوندی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەو حکوومەتانەی بەرژەوەندی بەهێزی ئابووری و بازرگانییان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە، لۆمەی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیمی تاران دەکەن و لەو بڕوایەدان کە ئەم ڕێژیمە بۆتە مایەی ناسەقامگیری ناوچەیی.

بارگرژی و تێکچوونی پێوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران هەتا دێت زیاتر پەرە دەستێنێ، ئەگەر هەتا دوێنێ بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە لە هەموو ڕوویەکەوە دژایەتی و هێرشیان دەکردە سەر ئیدارەی نوێی ئامریکا و لۆمەی سیاسەتی کۆشکی سپییان لە بەرامبەر ڕێژیمەکەیان دەکرد و بە سەرچاوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان دوو وڵاتیان ناو دەبرد، کەچی ئەمڕۆ بەهۆی نالەباری بڕیاری سیاسی و لێکدانەوەی هەڵەی ڕێژیمی تاران، لەگەڵ بەشێکی بەرچاوی وڵاتان لە سەر ئاستی گێتیدا کەوتۆتە کێشە و ململانێی زۆر توندەوە. لەم چەند ڕۆژەدا بەرپرسانی ڕێژیمی تاران بە ئاشکرایی دژایەتی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی بریتانیا، کە تەنیا دۆستێکی بەهێز و لایەنگری خۆیان بوو ڕاگەیاند و ئەو پەردی پێوەندییەشیان ڕووخاند و وەک نەیاری خۆیان دەستنیشانیان کرد. سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران بە توندترین شێوە بەدژی ئەو وڵاتە لێدوانی دا و بە سەرچاوەی فیتنەی گەورەی ناوچەیی لە قەڵەمی دا. بەرپرسانی ڕێژیم لە ڕێگای ئەو قسانەوە هەوڵی پیاوچاکی خۆیان دەدەن و دەیانهەوێت تۆزێك لە خوێنتاڵیان بشارنەوە.

ئەگەر تۆزێك بە وردی سەرنج بخەینە سەر ڕەفتار و کرداری کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان، ئەوکات باشتر داماوی و پەراوێزکەوتوویی ئەو ڕێژیمەمان لەئاستی ناوچەیی و گێتیدا بۆ دەردەکەوێت.

کاتێك بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر ئاستی سیاسی و نێونەتەوەییدا هەست بە گوشار لەسەر دەسەڵاتەکەیان دەکەن، ڕووی بارگرژی و ڕق و تۆڵەیان دەکەنە خەڵکی سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان و گوندە سنوورییەکان دەکەنە ئامانجی کاتیۆشا و زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵک دەگەیەنن. ئامانجی ڕێژیم لەو کارەی بێگومان ئەوەیە کە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان بەدژی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و بە دیاریکراویش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هان بدات، هەتاکوو جارێکیتر پێش بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکداری ئەو هێزە دیار و کاریگەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

سیاسەتی سەرکێشیکردنی ناوەندی بڕیاری سیاسیی ڕێژیمی ئێران و بە ئامانجگرتن و هەڕەشەکردنی لە جموجۆڵی بازرگانی وڵاتانی ناوچە و ئوروپایی، بۆتە هۆکاری دڵشکانی وڵاتانی ئوروپایی لە ڕێژیمی ئێران و ئەوجار وڵاتێك بەدی ناکرێت لەو پێوەندییەدا خۆی بە لایەنگری بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی ئاخوندی نیشان بدات و داوای گۆڕینی هەڵوێستی ئامریکا لەهەمبەر تاراندا بکات. ڕێژیمی ئێران کۆی ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان دەخاتە ئەستۆی ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی لە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران ناکەن و خۆیان لە سەنگەری ئامریکادا بۆ دژایەتی و لاوازکردنی تاران ڕێکخستووە. وڵاتانی ئوروپایی هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی پێش بە بڕیاری گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی ئامریکا بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بگرن، بەڵام دواجار حکوومەتی ئاخوندی هەر هەموویانی بە پیاوی ئامریکا لە قەڵەم دا و بە ڕوونی سیاسەتی خۆی پێڕاگەیاندن، کە بە دۆستیان نازانێت. دەسەڵاتدارانی تاران ئەگەر تۆزێك تێگەیشتنی سیاسی و خوێندنەوەی وردی نێونەتەوەییان هەبووایە و لە مەترسییەکانی بارودۆخی سەر وڵاتەکەیان گەیشتبان بێگومان دەیانتوانی سوودی زۆرباش لە هەڵویستی شەریکەکانیان ببینن و کارێکیان نەکردایە کە زۆربەی نەیارەکانیان بخەنە سەنگەری هاوپەیمانی ئامریکاوە. لێکدانەوەی ناتەواو و بێبنەما و هەڵەی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی گێتی بەدڵنیاییەوە، ئەو وڵاتەی بەرەو ئەو بارگرژییە گەورەیە بردووە. زۆربەی بڕیاربەدەستانی پلەبەرزی ڕێژیم لەو بڕوایەدان کە ڕەنگە بتوانن بە ڕێگای خۆسوورکردنەوە، دڵی وڵاتان وەدەست بێنن و سیاسەتی خۆیان بۆ دژایەتی ئامریکا بگۆڕن. دیارە ئەو باسە تەنیا شتێکە، کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران دڵی خۆیانی پێدەدەنەوە و هەوڵی خۆڵکردنە نێو چاوی گەلانی ئەو جوغرافیایە دەدەن کە پێی دەوترێ ئێران. سەرەنجام لێکدانەوە و خوێندنەوەی گشتی لەهەمبەر ڕێژیمی ئێراندا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەو ئاکامە گەیاندووە کە ڕێژیمی تاران بە سەرچاوەی مەترسیداری گەورە لە سەر هێمنایەتی ناوچەکە بزانێت. ڕێژیمی ئێران جگە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکانی گەلانی ئێران، لە بەرامبەر هەر جۆرە جموجۆڵێکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی هەڵوێستی توند دەگرێ و هەموو جۆرە ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرکوت کردووە. لەسەر ئاستی گێتی و ناوچەییشدا، سیاسەتێك بەڕێوە دەبات کە بە ئاشکرا هێرش و هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەیی و ئامریکا و ئوروپا دروست کردووە.

**کاتێک بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر ئاستی سیاسی و نێونەتەوەییدا هەست بە گوشار لەسەر دەسەڵاتەکەیان دەکەن، ڕووی بارگرژی و ڕق و تۆڵەیان دەکەنە خەڵکی سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان و گوندە سنوورییەکان دەکەنە ئامانجی کاتیۆشا و زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵک دەگەیەنن.**



مێژووی سیاسی و سەربازی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە هیچکام لە دەسەڵاتە ناوچەییەکان هەتا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە بە جۆرێك لە جۆرەکان مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا دروست بکەن. ئەوەی ڕێژیمی ئێران ئەنجامی دەدا و هەتا ئەمڕۆ کاردانەوەی جیددی لە لایەن ئامریکاوە بەدوای خۆیدا نەهێناوە، لەبەر ئەوە نییە کە ڕێژیمی تاران بەهێزە و توانای بەرگریکردنی لە خۆی هەیە بەڵکوو حکوومەتی ئامریکا هەوڵ دەدات شەڕی ئێران بە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دونیا بکات و خۆشی وەك ئەوان بەشدار بێت.

سیاسەتی هێژمۆنیخوازی ڕێژیمی تاران و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتۆمی و پێشێلکردنی کۆی ڕێککەوتننامەکانی پێوەندیدار، ئەو دەرفەتەی بە سوودی ڕۆژئاوا پێك هێناوە، کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زێدەڕەوییەکانی حکوومەتی دژی ئازادی و تیرۆریستی ئێران بدەن و ئەو کۆدەنگییە لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر بە باشی شکڵی گرتووە کە ڕێژیمی ئێران بە سەرچاوەی مەترسی و ناسەقامگیری بناسرێ و دژایەتی لەگەڵ بکرێت. لەدوای سەرهەڵدانی ئاڵۆزییە سیاسی و ئابوورییە نوێیەکانی نێوان واشینگتۆن و تاران، دیپلۆماسییەتی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی بەتەواوی تووشی گیروگرفتی گەورەی خۆی بووە و ئەو وڵاتە بە هۆی «ڕێبەری شۆڕشەوە» کۆمەڵێك دەرفەتی باشی لە بەرژەوەندی وڵاتەکەیدا لەدەستداوە و بڕیارە سیاسی و سەربازییەکانی بەساڵاچوویەکی وەك «عەلی خامنەیی» تارانی گەیاندووەتە لوتکەی پێکهەڵپڕژانی سەربازی، تەنانەت لەگەڵ بریتانیاشدا.

ئامریکا و بریتانیا وەك دوو هاوپەیمانی ستراتیژی و مێژوویی کە کۆمەڵێك بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری و بازرگانی هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە ئاشکرایی دژایەتی دەکرێن و ئەو دوو وڵاتەش بەجیددی هەوڵی بەهێزکردنی خۆیان لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەدەن. سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران «حەسەن ڕووحانی» ماوەیەک پێش، بە ئاشکرا و زۆر لەخۆباییانە هێرشی توندی کردە سەر حکوومەتی بریتانیا و بە سەرچاوەی قەیران و ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکەی ناو برد. ئەو لێدوانەی سەرکۆماری ڕێژیم لە کاتێکدایە، کە هەتا دوێنێ تاوانی زۆربەی قەیرانەکانی دەخستە ئەستۆی کۆشکی سپی و خۆیانی بە پیاوچاك ناو دەبرد بەڵام ئێستا ئەو گومانە بەتەواوی ڕەویوەتەوە، کە ڕێژیمی ئێران ناتوانێت لەگەڵ ئاشتی و دۆستایەتی گەلان و وڵاتاندا هەڵ بکات و هەر جارە و بەوڵاتێکی هاوپەیمان و دۆستی ستراتیژی ئامریکاوە دەگرێ و بەبێ کێشە و ناکۆکی دەرکەوتووە کە وڵاتیان پێ ئیدارە ناکرێت.

دەسەڵاتی تاران لە مێژووی سیاسی و سەربازیدا، هەرگیز بە وێنەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئاڵۆزی سیاسی و قەیرانی گەورەی ئابووری و بازرگانی بەرەوڕوو نەبووەتەوە و ئەگەر کێشەیەك چارەسەربکەن، بەدەیان قەیرانی تری سیاسی و ئابووری و سەربازی بەر دەرگای بڕیاری سیاسییان دەگرێ و هەر بۆیەش ناکرێ ڕێژیمێکی هاوشێوە لەوە دڵنیابێت کە لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنەوە سەقامگیری سیاسی هەیە. لە هەلومەرجێکی وەك ئێستادا زۆر بە دوور دەبینرێ ڕێژیمی تاران ڕێگای ژیرانەی کۆتاییهێنان بە قەیرانەکان هەڵبژێرێ و سیاسەتی سازان و دەسەڵاتخوازی خۆی کۆتایی پێ بێنێت و لە هەوڵی باشترکردنی پێوەندییەکانیدا بێت. سیاسەتی ئامریکا سەرەتا بە گەمارۆی ئابووری و بازرگانی چڕ بەدژی ڕێژیمی تاران دەستی پێکرد بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە فشار لە سەر ڕێژیم دروست بکەن، هەتا بە سیاسەت و ڕەفتارەکانیدا بچێتەوە و بە دانوستان ئاڵۆزییەکانی چارەسەر بکات.

**سیاسەتی هێژمۆنیخوازی ڕێژیمی تاران و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتۆمی و پێشێلکردنی کۆی ڕێککەوتننامەکانی پێوەندیدار، ئەو دەرفەتەی بە سوودی ڕۆژئاوا پێک هێناوە، کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زێدەڕەوییەکانی حکوومەتی دژی ئازادی و تیرۆریستی ئێران بدەن و ئەو کۆدەنگییە لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر بە باشی شکڵی گرتووە کە ڕێژیمی ئێران بە سەرچاوەی مەترسی و ناسەقامگیری بناسرێ و دژایەتی لەگەڵ بکرێت**

هەر وەك بینیمان چاوەڕوان ناکرێت حکوومەتی ئاخوندی دوور بکەوێتەوە لە سیاسەتی لەمێژینەیی خۆی و بیر لە گۆڕینی ڕەفتاری خۆی بکاتەوە و بەئاشتی ئاڵۆزییەکان چارەسەر بکات. سیاسەتی خراپی ڕێژیمی ئێران کارێکی ئەوتۆی کرد کە ئامریکا و بریتانیا لە بەرەیەکدا کۆبکاتەوە و بە هاوپشتی وڵاتانی ناوچەیی و نزیك لە سنووره ئاوی و وشکانییەکانی ئێران، لە فیکری بەدەستهێنانی کۆدەنگی نێونەتەوەیی و بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا بن بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران و هەوسارکردنی.

ڕێژیمی ئێران بە قسەی خۆش و زمانی هێور زۆر بەدژواری دێتە سەر مێزی دانوستاندن و زۆر ژیرانە هەوڵی خۆدزینەوەی لە زۆربەی پرس و بابەتە هەستیار و هەڵپەسێردراوەکان داوە و ئەگەر بۆیان بلوێ زیاتر دەستی خۆیان بەو سیاسەتە «دیماگۆجییە» گیر دەکەن. بەگوێرەی ڕەوتی ڕووداوەکان پێناچێت، ڕێژیمی تاران دەرفەتی زیاتری هەبێ هەتا خۆی بشارێتەوە و دەلیلەکانی خۆبواردنی لە سەر ئاستی گێتیدا چیتر لێ قبووڵ بکرێ، ئیدی هەر ئەوەشە دەسەڵاتی تارانی زۆر زیاتر هەراسان و بێزار کردووە کە ناتوانێ کڵاوی تر بخاتە سەر ئامریکا و ئوروپا.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیان لەزۆربەی وڵاتانی ناوچە و ئوروپایی کردووە و زۆرجار ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە گەرووی هۆرمۆز بە سەر دژبەر و هاوپەیمانەکانی ئامریکادا دادەخەن. ڕێژیمی ئێران بە جۆرێك کەوتۆتە نێو تەڵەوە کە زۆر بەدژواری دەتوانێت دەست و پێی خۆی ڕزگار بکات.

بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی نێوخۆی تاران هەتا دێت بەرەو خراپتربوون دەڕوات و گرانی و بێکاری و نەبوونی پێداویستی ژیان و گوزەران، بێزارییەکی کەموێنەی لە نێو گەلانی وڵاتدا بەرهەم هێناوە. دەسەڵاتی ڕێژیمی تاران لە وەها بارودۆخێکی سیاسی و ئابووریدا، کارێك ناکات کە بەدڵی خەڵکی وڵاتەکەی بێ و هەتا دێت زیاتر «دار دەگەڵ ئامریکا و هاوپەیمانە بەهێزەکانی دەبەر ئاوێ دەنێت»، ئەو جۆرە ڕفتارەش بە دڵنیاییەوە زیان بە داهاتووی ئێران دەگەیەنێت.

سەرانی ڕێژیمی ئێران پێیان وایە کە بەرێگای فشار و قسەی زل و بێکردار دەتوانن هەڵوێستی بەشێك لە وڵاتانی جیهان بە سوودی خۆیان بگۆڕن و بەپێچەوانەوە دژایەتی سیاسەتی ئامریکا بکەن بە لایەنگری لە ڕێژیمی تاران.

ئەوەی ئێستا بۆ هەموو لایەك و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گرینگی زۆری پێدەدرێت، بێ بیرکردنەوە و دوودڵی، لاوازکردنی ڕێژیمی ئێرانە و پاشان لەنێوبردنیەتی.

چوونکە زۆربەی وڵاتان ئەزموونی تاڵ و ناخۆشیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا هەیە و دەسەڵاتی تاران چاکەی هەموو لایەك بە شەڕ و قەیران وەڵام دەداتەوە. بریتانیا وەك وڵاتێکی گرینگ و کاریگەری ئوروپایی پێوەندییەکی گەرمی سیاسیی و مێژووی باشی لەگەڵ تاراندا هەبووە، بەردەوام هەوڵی پاراستنی حکوومەتی ئاخوندی داوە و کاتێك قەیرانەکانی ئامریکا و تاران پەرەیان سەند، بریتانیا هەوڵی دا بە ڕێگای سوودگەیاندن بە وڵاتەکەی، خۆی نەخاتە نێو ململانێی نێوان تاران و واشینگتۆن.

بەڵام لێدوانی حەسەن ڕووحانی سیاسەتی ڕێژیمی ئێرانی بە ڕوونی لە هەمبەر لەندەن ڕاگەیاند و ئەو وڵاتەی بە ماکەی کۆی ئەو کێشانە ناو برد کە لەو ماوەیەدا بۆ تاران هاتۆتە گۆڕێ.

# "وڵاتی شەهید بە کاتە خۆڵەمێشییەکانەوە"

ئێرە وڵاتێکە پەژارە و خەفەت تانوپۆی تەنیوە، لێرە هەرچی رووناکییە دەکوژێنەوە، تەنانەت تیشکی رۆژیش، هەڵدەوەرن. خاکی سووری شۆڕەسوارانی، هێڵی نووری دزراوە. تابلۆی مەرگ بە گشت رەنگانەوە، لە سەردەرانەی هەموو ماڵان هەڵواسراوە، ئەمە ئاخی سەر گوسەلی خوێنە، لە جانتای فیشەک و مەتەرێزدا رەگاژۆی کردووە. هەموو رۆژێ بوومەلەرزەی مەرگ رامدەچڵەکێنێ. بەرد و دار، بن پچک و دەوەن، تیش و لووتکە، بەفر و باران، بە تێکڕا قەتیسی دڵۆپەبارانی خوێنی ئاسمانی جەستەی کچان و کوڕانی سەوزی ئەم جوغرافیایەن. ئاخ چەندە خەفەتبارم، لە بن هەستی سەوزی دارەبەنێ، کوردستانم شەنوکەو دەکەم، بە کامێرای خەیاڵ فیلمی مێژوو هەڵدەکەمەوە. تەڕاتێنی سریاڵی کارەساتان لە بستبەبستی ئەم خاکەدا دەتریقێنەوە. کەی ڕەوایە خەڵکی دنیا دەستەملانی گزینگی خۆر بن، منیش لە ئامێزی شەپۆلی خوێن، خەونی خوێناوی رامتڵەکێنێ؟! ئاخ چ کەشێکی تاسەبارە! هەودای بیرم رایەڵێکی بارتەقای کوردستان رائەنگاتووە، بە قاڵدرمەی ساڵانەوە. ساتەکان لەبەریەک رادەنێم، هەر کارەساتن لە دەمەخۆڵەمێشییەکاندا سوور دەچن! کاروانێک بە هەزاران کۆتەڵەوە بەرەو لووتکە بە تەرمی شەهیدانەوە، مەودای زەمان ئەنجن ئەنجن دەکات.

بە درێژایی ئەنگێوەی هەردووک چاوم، کارەساتان دەپێکم. ئێرە وڵاتی شەهیدە بە کاتە خۆڵەمێشییەکانەوە. کام شەهید، کاروانێک بە شەفەقی سووری شەهیدانەوە؟ ژمارەکان کولن لە بژاردەی شەهید و چۆڕاوگەی خوێن، لەم نیشتمانە، خەریتەی خاک بە زامی شەهید گۆش دراوە، هەر بستە خاکێ ئاوسی خوێنی شەهیدە و شەهید لە دایک دەبێ، کەچی هەروا بستووی زەمان جێ ناهێڵێ. مێژووی گەلان دەپشکنم، هەرگیز نەمدی وەک کورد تەرمی شەڵاڵی خوێنی خۆی، بە کۆڵ دادا و بەرەو زنجیرەی کارەساتان هەنگاو بژمێرێ.

کەشی وڵاتی من جۆرێکە کەس لە مەرگ ناپرینگێتەوە، بە درێژایی مێژوو مۆتەی مەرگ لێرە دەستەمۆیە! لە سەر شانۆی ژین، لەگەڵ فریشتەی مەرگ، ئەم خەڵکە سەما دەکەن بەڵام ئاخۆ لە هەندەرانیش بێ پەسیوم. لە بەهەشتی خەڵکانی خوداپێداو، لە ئامێزی سەوزی ئوروپا، لە پاڵ دەنگی مافی مرۆڤی غەورگرتوو، سەرکردەی وڵاتی خوێن، دۆسیەی مەرگ بە قەڵەمی ئەنگوستی شەڵاڵی خوێن واژۆ دەکات. ئاخ گەردوون! پلانت چەندە بەژانن، لە هەمبەر پەیامهێنی کوێستانی وڵاتی من؟! دەک داری سۆزی خەزان تێکەوتووت هەڵوەرێ، چۆن بە گوللە پێشوازی میوانی ماندووی هەڵوەدای کوردستان دەکەن؟ ئەی چۆن ئێژن! ئێرە وڵاتی دێموکراسی و داڵدەی لێقەوماوان و بەشخوراوانە؟ ئەدی بۆ سەفیری سۆزی خاکی خەزانبڕی من، جەستەی ئاژن ئاژن دەکرێ بە بەرچاوی سەوزی قەوانەی جاڕنامە مافی مرۆڤەوە؟ لەم کاتەوە یەکبەیەک مانای وشەکانی هەڵچۆڕا، دەرووی بێ مانایی لە خەونەکانی مندا گەرۆمەی کرد. داڵەکان لە بیابانی مەدلوولدا سڕبوون. هەموو دنیا بۆ قەڵافەتی من سوار و گورگن، چاویان دەبریسکێتەوە.

ئاخ ئێرە وڵاتی شەهیدە بە کاتە خۆڵەمێشییەکانەوە. دڵم پڕ لە ناسۆرە، شەڵاڵی ئارەقم ئەو شنەبایەی بە ناو بسکی سەوزی دارەبەنێ ئازاری رادەژاندم. هەستی باڵگرتنی پێدەدام. دەستی دەگرتم، هەتا هەڵکشانی لووتکە و ئاسمان! کەچی ئێستا لە بێدەنگی بە سامدا دەتلێمەوە. بیرم لە بوخچەی جامانەیەک و شۆڕەسوارانی راسانی دەرووی خەبات، لە گێژەنی خەفەتێکدا، کوێستان بە کوێستان بە دوای تریفەی مانگی ئاوابوودا دەگەڕێ، کە پەنجەی مەسیحایی لە گەردەنەی وڵاتێ تەرە بووە. ئاخۆ لەم ئاخە تاسەبارەدا بە دەم چ زامێکەوە بکڕوزێمەوە؟ نە سێبەری گابەردێک، نە بن پچکی دارێک، بۆ سانەوە داڵدەم دەدا، جیهانی من بە ژاراوی مەرگ پڕژێندراوە، ئەم گەردەلوولە دەرەتانی لێبڕیوم. روو لە هەرلایەک دەکەم دێوی مەرگ لە بەرپێمدا شین دەبێتەوە.

ئەوەتا پێتەختی وڵاتانی دنیا شەرمەزاری جەستەی هەڵکەوتەی کوردن. ئەم خوێنەی شەقامی ویەنی داپۆشی گڕکانێکە دوڕگەی مافی مرۆی داپڵۆسیوە. کوردستان و ویەن و پیرلاشێز، سێ کوچکەی ئازاری شڵپ و هۆڕی شڵەژانی دەریایەکی مەندن، وانەی مێژووی غەدری رەشی دێموکراسی دەڵێنەوە. واژۆی زامی جەستەی شەهیدێکن، بە تامی خوێن و تیشکی خۆرەتاو و بزەی باران. هۆ.. سەرکردەی وڵاتی جامانە بە ئاسوودەیی سەر بخە خاکی هەندەران ئەی پێشمەرگەی شەهید، ئەی دوکتوری کورد!

نووسەر: داروەن

## " دوورتر لە ئێستا "

سەد مەنارە دەنگی داوە تا لە پووشپەڕ تێپەڕیم
هەر کوتم شێعرێک دەنووسم خوێن بەری رستەی تەنیم

زامی ئەو شاخانە نوێ بوو ئەو دەمەی سەنگەر تەزی
ژانی دڵ سەروای چ کۆنە ئەلف و لام و میم و جیم

سوڕەتی سیمات کە سوور سوور ئایەتی سەوزی هەبوو
وەختەبوو پێغەمبەر ئاسا بی . کە شەیتانی رەجیم

دەستی شەوگاری بە ئاڵای تۆ بڕی و دەرکەوتەوە
خۆری زامت . بۆیە من ئێستا لە دەنگت تێگەییم

کۆوە بن ئەی رستە رستەی ئەو بزانەی سەردەمێک
بەر لەوەی پشکوتنی ئێوە بژیم خۆم هەڵوەریم

با بە رووی دوێنێی ئەوینی رێبوارێکدا هەموو
مل بە جامانە بنەخشێنن و ببیستن ئافەریم

پووشپەڕی ئەو شێعرە پڕ دەنگی کچێکی موکرییە
وەک گەلاوێژێ لە خاکی ئەردەڵانی مەولەویم

خوێنی سەر دەنگت کە ئێستاش پڕ گوڵی داوودییە
زەمزەمەی ئەو سەنگەرەن . من کاتی تەنگانەی دەژیم

ڕابوون ڕۆژهەڵات

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* *No:754 22 July 2019*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


















